# تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس

م.ی ئارام قادر صابر
زانکۆی را پەڕین
بەشی فەلسەفە

**پوختە:**

ئەمڕۆ، لە جیهانێکدا دەژین کە لە هێما جیا ناکرێتەوە و بوونمان لە ژیان و هزر و تێگەیشتنمان وابەستەی هێما بووە، زانست و هونەرە جیاوازەکانیش بە رێگەی هێماوە گوزارشت لە خۆیان دەکەن، لە هێماکانیشەوە رووە و زانین و زانیاری ئاراستەمان دەکەن. بە گوێرەی تیۆری هێمازانی، هێما ئاماژەیەکی یارمەتیدەرە بۆ زانست و فەلسەفە و زمان، بە جۆرێك لە جیاوازییەوە لەسەر بنەمایەك کۆیان دەکاتەوە لەسەر زەمینەی تێگەیشتن و هێما خۆی، تا هێمازانی بتوانێت هەموان لەسەر تێگەیشتنی هاوبەش لە هێماکان کۆك بن سەرباری جیاوازییە هزریی و ئایدیۆلۆژییەکان.

چارلس ساندرێس پێرس (١٨٣٩–١٩١٤) دامەزرێنەر و پێشەنگی فەلسەفەی پراگماتیزمە. هاوکات یەکێکە لە پێشەنگانی توێژەران لەبارەی هێما و تیۆری هێمازانی (سیمیۆتیك – Semiotics)، کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ تیۆری واتا دا هەیە لە فەلسەفەی پراگماتیزمدا، هاوکات دامەزرێنەری تیۆری توێژینەوەی سێ رەهەندیی هێماکانە، هەوڵیداوە پۆلێنی کاتیگۆرییانەی فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای هێماکان بکات و هەموو هزریش بە هێما دادەنێت، واتا هزری ئێمە بە رێگەی هێماکانەوە زانین و تێگەیشتنی هەیە و زانین و تێگەیشتنیش بە رێگەی هێماوە شیاوە. هێماکانیش تەنها لە تێگەیشتنی روکەش و سادەی نێو کولتور و ژیانی رۆژانەوە شیاوی تێگەیشتن نین، بەڵکو تیۆری هێماکان بۆ پێرس سیستمە و لەگەڵ فەلسەفە و لۆژیك و زانست لە پەیوەندیدایە.

ئەم توێژینەوەیە بە تەنها رووناکاتە پۆلێنبەندی جۆری هێماکان و کارکردیان، بەڵکو دەیەوێت لە تێگەیشتنی چارلس پێرس–ەوە راڤە و شرۆڤەی هێماکان بکات و لە پەیوەندیی و ئاستەکانیان تێبگات. ئەو ئارگیومێنتانە بخاتەروو کە چۆن هزر و هێما لە پەیوەندیدان، هێما چ رۆڵێك لە هزردا دەگێڕێت و هزری مرۆڤیش لە سیستمی مەعریفیدا چۆن دەبێتە هزرە–هێما، هزرۆکە ئایدیالەکانی پلاتۆ و هزرۆکە ئامرازییەکانی جۆن دیوی چۆن دەبنە هزرۆکە هێماییەکان لەلای چارلس پێرس.

هەروەها توێژینەوەیە (تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس) تەنها لەگەڵ پۆلێن و جۆری هێماکان خەریك نابێت. بەڵکو توێژەر دەیەوێت لە سیستمەکەی پێرسەوە ئەوە شرۆڤە بکات کە هێما و کاتیگۆرییەکانی فرە رەهەندن و بە شێوەیەکی واتادار و لۆژیکییانە پۆلێنکراون و ئاست و پەیوەندیی و راڤەی هێماکان روونبکاتەوە، رەهەندەکان و کارکردی هێمایی لە زانین و تێگەیشتندا بخاتە بەرباس. هەروەها راڤەی ئەوە بکات کە چۆن لە هزر دەبێت بە کۆگەی هێما و هێماکانیش وەك هزرۆکە لەلای پێرس مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا تیۆری ئیدێکانی پلاتۆن و هزرۆکە ئامرازییەکانی جۆن دیوی دەبن بە هزرە هێما لای پێرس.

توێژینەوەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هێماکان تەنها لە چالاکی و کارکردێکی دیاریکراو لە سەردەم و لای فەیلەسوفێکی دیاریکراو ناناسرێن، لەکاتێکدا هێما و کاتیگۆرییەکانی لای پێرس فرە ڕەهەندن، توێژەر دەخوازێت ڕەهەندە فراوانەکانی هێما بخاتە بەرباس تا هێما لە تاکرەهەندیی و ڕاڤەی ناتەواو ڕزگار بکات، بەمەش هۆش و ئاگایی ئاراستەی سەرجەم لایەن و پەیوەندییەکانی هێما دەبنەوە و دەگەن بە ڕاڤەی ڕۆشنی هێمایی فرەلایەن.

هەروەها لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، جەخت لەسەر گرنگی هێمازانی و بایەخە زانستییەکانی و بزاڤی زانستی بنیاتنراو لەسەر هێما و ڕۆڵی هێما لە کولتوری مرۆڤایەتی دەکرێتەوە. هاوکات ئەوە دەبینرێت کە تیۆرە هێماییەکەی پێرس بایەخ بە یەکسانی هزر لەگەڵ هێما و تێگەیشتن لە شت و دیاردەکان لەسەر بنەمای هێما دەدات. هەرچەندە ئاسان نییە سەرجەم هزر لە هێمادا کورتبکرێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕۆڵ و بایەخ و کاریگەری هێما لە زانین و درککردن و تێگەیشتن و ڕاڤەی شتەکاندا ڕوونە، ئەمەش بە گشتی گزارشتە لە بوونی مرۆڤ لە جیهانی ئاگایی و هێماییدا، دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە هێشتا لە زمان و توێژینەوە کولتوریی و زانستییە کوردییەکاندا هێمازانی نەبۆتە بابەتی توێژینەوە و نەگەیشتوە بە ئاستی پێویست تا بایەخەکانی بزانرێ، کە بێگومان پێویستی بە توێژینەوە و لێوردبوونەوەی زۆر هەیە.

## پێشەکی:

ئەمڕۆ هێماکان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵدەگێڕن، بە جۆرێك وەك زمانێکی هاوبەشی نێو–کولتوریی، تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستدەکەن. لەمەوە کێشەکانی ڕاڤە و تێگەیشتن لەلایەك و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەلایەکی دیکەوە لەسەر بنەمای زانین چارەسەر دەکەن، ئەویش کاتێك هێما وەك تێگەیشتنی هاوبەش دەکرێت بە زانینێك کە هەمووان تێگەیشتنیان بۆی هەبێت. زانستی هێما (سێمیۆتیك) لە کارکردی هێماکان و ڕەهەندەکانی دەتوێژێتەوە، ئەمەش بە تایبەت لەلایەن 'چارلس ساندرێس پێرس'ی دامەزرێنەری فەلسەفەی پراگماتیزم، لە فۆرمێکی گەشەسەندووی سیستمی و لۆژیکیدا پەرەی پێدراوە، کە فۆرمی سێپاژیی (تریکۆتۆمی) هێمایە و لە کارکرد، کاربرد، ڕەهەند، واتا، ئاست، جۆر و پەیوەندییەکانی هێما دەتوێژێتەوە.

هێما تەنها ئاماژە نییە بۆ شتێك یان بابەتێك، بەڵکو هاوکات پەیوەندییەکی لکاوی لەگەڵ هزردا هەیە، چونکە واتا و تێگەیشتن پەیوەستن بە ڕاڤەی هێما، بەمەش هێما وەك سەرچاوەیەکی گرنگی زانین دیاریدەکرێت و پەیوەندی هزر و هێما دەسەلمێنێ. ئەمە بە تایبەت بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ دروستە، چونکە کۆمەڵگەی هێماکانە، بە جۆرێك ڕێکخستنی تەواوی کۆمەڵگە لەسەر هێماکان وەستاوە، وەك ئەوەی لە نێو سیستەمێکی ئاڵۆزی هێماییدا بژین. هەروەها هێما دەتوانێت کێشەی تێگەیشتنی نێو–کولتوریی و جیاوازیی واتا هەڵگرێت و وەك زمانێکی هاوبەش فۆرمولە بکرێت. ئەمەش بە ڕوونی لە بازاڕ و کاڵا و بەرهەم شوێنە گرنگ و نێودەوڵەتییەکان دەبینین.

بۆ ئەوەی ئێمەش بەشداریی کارامان هەبێت لە دانان و زانین و ناسینەوەی هێماکان، ئەوا پێویستە لە تیۆری هێمازانی (سێمیۆتیك) تێبگەین. هەڵبژاردنی 'چارلس پێرس' وەك یەکێك لە بەناوبانگترین فەیلەسوفە پراگماتییە هاوچەرخەکانی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی تیۆرەکانی ئەو لە بارەی هێما و لۆژیك و زانستەوە، ئەمەش وا پێویست دەکات کە توێژینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەی بۆ بکرێت. تا لەمەوە بگەین بە گەشەی زانستی و لۆژیکی و بنیاتنانی تێگەیشتنی ڕوون و زانینی جەخت لەبارەی هزر و بابەت و هێما.

ئەم توێژینەوەیە (تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس) کراوەتە سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا 'کەسایەتی و فەلسەفە' دەروازەیەکمان بۆ ئاشنابوون بە ژیان و بەرهەمەکانی پێرس ئاوەڵا کردووە، هەروەها لەسەر پراگماتیزمی پێرس وەستاوین، چونکە بە باوکی پراگماتیزم و دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە ناسراوە و لەلایەکی دیکەشەوە تیۆری هێما یەکێکە لە تێزە سەرەکییەکانی فەلسەفە پراگماتیکییەکەی. لە تەوەری دووەمدا تیۆری سێمیۆتیک بە پەیوەندی 'هزر و هێما' خراوەتە روو لە سێ خاڵدا، سێمیۆتیک و دابەشکاریی سێپاژیی هێما و کاتیگۆریی و کارکردی هێماکان، هەروەها رۆڵی هێماکان لە تیۆری زانیندا، روونکراونەتەوە. لە تەوەری سێیەمدا 'هێمازانی لە نێوان لۆژیک و زانستدا' تیشك خراوەتە سەر پەیوەندی نێوان لۆژیك و هێما و هەروەها رۆڵی هێما لە توێژینەوەی زانستیدا.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە توێژینەوە لەبارەی پراگماتیزم بە گشتی و هێمازانیی بە تایبەتی، بە زمانی کوردی کەم و دەگمەنە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنێکی کوردیی لەبارەی هێما و رۆڵی هێما لە گەیاندنی زانین و دروستکردنیدا، هاوکات رێکخستنی پەیوەندی هەردوو جیهانی ناوەوە 'هزر' و جیهانی دەرەوە 'شت'. لێرەوە برەو بە بەشدارییەکی کارای کوردیی بدەین لە راڤە و زانینی هێماییدا، تا بگەین بە زانین و تێگەیشتنی هاوبەش لەبارەی هەر فێنۆمێنێکەوە.

**تەوەری یەکەم: کەسایەتی و فەلسەفە**

**١. ژیان و بەرهەمی چارلس پێرس**

(چارلس ساندرێس پێرس Charles Sanders Peirce (1839-1914)، لە کامبریج – ویلایەتی ماساچوسێتس بەرواری ١٨٣٩/٩/١٠ لەدایکبوو، دووەم کوڕی 'بنیامین پێرس'ی پرۆفیسۆری ماتماتیك و ئەستێرەناسی لە زانکۆی هارڤارد بوو. پێرس دوای خوێندنی فەلسەفە، لۆژیك، ماتماتیك و زانستەکان ساڵی ١٨٥٩ لە زانکۆی هارڤارد بەکالۆریۆسی وەرگرت، دواتر و ساڵی ١٨٦٢ ماجستێری لە ماتیماتیك لە هەمان زانکۆ بەدەستهێنا. ساڵێك دواتر لە ١٨٦٣ بەکالۆریۆسی لە زانستی زانستە کیمیاییەکان وەرگرت. سەرەڕای خوێندن و توانستە زانستییەکانی بەڵام پێگەیەکی لە زانکۆکانی ئەمریکادا نەبوو، بەڵکو وەك فەرمانبەرێك تا ساڵی ١٨٩١ لە فەرمانگەی 'کەناراو و رووپێوی ئەمریکا'دا کاریدەکرد (جیرار ٢٠٠٩: ٢٠٦).

پێرس، فەیلەسوفی هارڤاردی و لۆژیکزان، لەسەر بنەماکانی لۆژیك و زانست و تیۆری هێماکان (سێمیۆتیک) گەشەی بە پراگماتیزم دا، هاوکات کاریگەر بوو بە 'لامارك' و فەلسەفەکەی 'چارلس داروین'، بە تایبەت لە زانست و میتۆدە زانستییەکاندا. هەرچەندە جگە لە بابەت و گوتار هیچ کتێبێکی لە ژیاندا بڵاونەکرایەوە، بەڵام بەرهەمێکی زۆری دوای خۆی جێهێشتووە، کە دواتر لە ساڵانی ١٩٣١–١٩٥٨ لە هەشت بەرگدا وەك 'کۆبەرهەم– Collect Papers' لە لایەن زانکۆی 'هارڤارد' بڵاوکرانەوە و وەك یەکێك لە فەیلەسوفە مەزنەکانی مێژووی فەلسەفە هەژمار دەکرێت (کامل ١٩٩٣: ٩٦). 'بێرتراند رەسڵ' لە کتێبی 'دانایی خۆرئاوا'دا دەڵێت: "بێگومان ... پێرس یەکێك بوو لە رەسەنترین ئەقڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، هەروەها بە دڵنیاییەوە گەورەترین هزرڤانی ئەمریکییە" (Russell 1959: 276). هەروەها 'کارل پۆپەر' کە کاریگەری پێرسی بەسەرەوە دەبینرێت بە تایبەت لە تیۆری شیمانەیی و کەوتنەهەڵەوە، کە هیوای خواستبوو زووتر ئاشنای بەرهەمەکانی پێرس بوایە، دەبێژێت: "پێرس یەکێکە لە مەزنترین فەیلەسوفەکان، بە درێژایی سەردەمەکان" (Popper 1972: 212).

بەڵام، پێرس زیاتر لە لایەن باوکییەوە فێردەکرا و هاندەدرا، بۆیە بەردەوام گفتوگۆیان پێکەوە دەکرد و لەسەر بابەتە ماتماتیکییەکان دێبەیتییان هەبوو، هاوکات بەشێك لەناوبانگی خۆی لە زانکۆ و تەنانەت ئەمریکاش لە باوکییەوە وەرگرت، بۆیە هەمیشە سوپاسگوزاری باوکی بوو. پێرس یەکەم جار 'نامە ئێستێتیکییەکان'ی شیللەر و 'لۆژیك'ی وایتلی و 'رەخنەی ئەقڵی پەتی' کانتی خوێندەوە، دواتر لە ساڵانی شەستەکاندا دەرفەتی گوتنەوەی چەند وانەیەکی لە زانکۆی هارڤارد بۆ رەخسا لە بارەی لۆژیك و مێژووی زانست و ئینجا بۆ ماوەی پێنج ساڵ (١٨٧٩ بۆ ١٨٨٤) بوو بە وانەبێژی لۆژیك لە زانکۆی 'جۆنز هۆپکینز– Johns Hopkins' و دواتر وانەبێژی فەلسەفەی زانست بوو لە زانکۆی 'هارڤارد– Harvard' بۆ ماوەی سێ ساڵ. ئنجا لە پەیمانگای 'لۆوێڵ– Lowell' لە بۆستن دەستی بە وانەگوتنەوە کرد (کامل ١٩٩٣: ٩٦).

پێرس لە خوێندنەوەی 'فرێدریك شیللەر ١٧٥٩–١٨٠٥'ی ئەڵمانیەوە رووی لە فەلسەفە کرد، لەسەرەتای لێهزرینە فەلسەفییەکانییەوە بە فەیلەسوفی ئەڵمانی 'ئیمانوێل کانت ١٧٢٤–١٨٠٤' کاریگەر بوو، بە تایبەت کتێبی 'رەخنەی ئەقڵی پەتی' کە بۆ ماوەی چوار ساڵ گۆشەگیرانە توێژینەوەی لەبارەوە کرد. دواتر لە 'کانت'ـەوە وەرچەرخا رووەو فەلسەفەی تێگەیشتنی/هەستی هاوبەش 'Common Sense' لە لای فەیلەسوفی سکۆتلەندی 'تۆماس رید ١٧١٠–١٧٩٦'، تا ساڵی ١٨٧٠ کە فەلسەفەی تایبەت و رەسەنی خۆی بە ناوی 'پراگماتیزم' دەستپێدەکات، ئەویش دوای رەتکردنەوەی ئایدیالیزمی 'هێگڵ'ی (کامل ١٩٩٣: ٩٦).

پێرس خاوەنی سەدان دەستنووسی بڵاونەکراوە بوو، تا لە ژیاندا بوو نەیتوانی نووسینەکانی بە کتێب چاپ بکات تەنها وەك گوتار بڵاوی دەکردنەوە. دوای مردنی، نووسینەکانی لە لایەن 'چارلس هارتشۆرن' و 'پاوڵ وێیس' کۆکرانەوە و رێکخران و 'جۆن دێوی'ش لە ١٩١٥ کتێبێکی بە ناوی 'پراگماتیزمی پێرس' بڵاوکردەوە، دواتر 'لویس' لە ١٩١٦ 'توێژینەوەی لۆژیکی هێمایی' چاپکرد کە بەشێکی بۆ پێرس تەرخانکردبوو، هەروەها 'مۆریس کۆهێن' هەندێك لە نووسینەکانی پێرسی لە ژێر ناوی 'چانس/رێکەوت، خۆشەویستی و لۆژیك' بڵاوکردەوە کە بابەتی 'روونکردنەوەی لۆژیکی زانست'ی تێدابوو (Gallie 1952: 42-43) کە وەك سێ کاتیگۆریی گەردوونزانی خستبوویەروو، لەشێوەی سێ جیهاندا: جیهانەکانی رێکەوت و خۆشەویستی و پەرەسەندن، کە سێیەمیان بەردەوامی و سەرتاپاگیریی هەیە. لەو ماوەیەدا چەندان گوتاری بڵاوکردەوە: ١.روونکردنەوەی لۆژیکی زانست (١٨٧٧–١٨٧٨) ٢.چەسپاندنی باوەڕ (١٨٧٧) ٣.چۆن بیرۆکەکانمان روونبکەینەوە؟ (١٨٧٨) ٤.شوێنکەوتووانی رێکەوت (١٨٧٨) ٥.ئەگەریێتی ئیستیقرا (١٨٧٨) ٦.رێکخراویی سروشت (١٨٧٨) ٧.هەڵێنجان/دیدەکشن، ئیستیقرا/ئیندەکشن، و گریمانە/ئەبدەکشن (١٨٧٨) ٨.لێکچەرەکانی هارڤارد لەبارەی پراگماتیزم (١٩٠٣) ٩.پراگماتیزم چییە؟ (١٩٠٥) ١٠.کێشەکانی پراگماتیسزم (١٩٠٥) ١١.پراگماتیزم (١٩٠٧).

پێرس لە چەندین گۆڤاری وەك 'باکوری ئەمریکا' و 'نەتەوە' و 'تاکگەرا' بابەتی پەخشکرد و لە دانانی 'فەرهەنگی سەدە' و 'فەرهەنگی دەروونزانی و فەلسەفە'دا بەشداریکرد. هەروەها ئەو هەشت بەرگەی کە لە لایەن 'هارتشۆرن و وێیس' کۆکرانەوە و 'زانکۆی هارڤارد' چاپیکردن، پێکهاتبوو لە: (١–بنەماکانی فەلسەفە، ٢–بنچینەکانی لۆژیك، ٣–لۆژیکی چاك، ٤–ماتماتیکی ئاسان/سادە، ٥–پراگماتیزم و پراگماتیکگەرایی، ٦–میتافیزیکی زانستیی، ٧–زانست و فەلسەفە، ٨–گۆڤارەکان، نامەکان و سەرچاوەکان). هەروەها دواتر چەندان نووسین و توێژینەوە لەبارەی پێرس و بەرهەمەکانی چاپکران. تەنانەت بەرهەمی دۆزراوەی دیکە بۆ 'کۆبەرهەم'ـەکەی زیادکران و پۆلێنبەندی نوێیان تێدا ئەنجامدرا (جیرار ٢٠٠٩: ٢٠٧، ٢١٢).

لە دواییدا، پێرس زۆربەی کاتەکانی پشووی لە شارۆچکەی 'میلفۆرد'ی ویلایەتی پەنسلڤانیا بەسەر دەبرد. لە تەمەنی خانەنشینیدا پلانی بۆ نووسینی چەندان بابەتی فەلسەفی دانا، کە لە سییەکانی تەمەنیدا بیری لێکردبوونەوە، بەڵام بەردەوام گرفتی ئابووری و نەداری رێگر بوو لەبەردەم کارەکانی، تەنانەت لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لەسەر یارمەتی چەند هاورێیەکی دەژیا بە تایبەت 'ولیام جەیمز'. سەرەنجام لە ١٩ی نیسانی ١٩١٤ لە گۆشەگیری و گوزەرانی هەژارانەدا مرد (Gallie 1952: 35).

## ٠٢ پێرس و پراگماتیزم

پراگماتیزم کولتور و رێبازێکی فەلسەفییە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا لە ساڵی ١٨٧٠ی زایینی. لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە وەك رەسەنترین و کاریگەرترین فەلسەفەی ئەمریکی گەیشتە لوتکە، دواتر کاریگەرییەکانی گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی ئەمریکا بە تایبەت ئەوروپا، بەڵام بە ئەزموونی جیاوازەوە (الحفني: ٩٤). پراگماتیزم لکاندنی تیۆر و کردارە، بەڵام تیۆر لە کردارەوە دەبرێتەوە و ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ کردار تا هزری کرداریی روونبکاتەوە. ئەم فەلسەفەیە هەندێ جار فەلسەفەی ئەمریکیشی پێدەگوترێت، بە جۆرێك شێوە ژیانێکی کولتوریی لە هزرین و ئابووریی و سیاسەت و پەروەردە بەو وڵاتە بەخشیوە، بەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگی پێبەخشراوە کە فەلسەفەیەك نییە تەنها بۆ زانکۆ و ئەکادیمیا و فەیلەسوف و دەستەبژێران بێت، بەڵکو فەلسەفەی تەواوی کۆمەڵگەی ئەمریکییە و وەك وەرچەرخانی هزری ئەمریکی دادەنرێت لە فەلسەفەی ئینگلیزییەوە رووەو فەلسەفەی خۆیان، چونگە رەگێکی پراگماتیزم بۆ ئەوروپا و کۆچی فەیلەسوفەکانی بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە. هەروەها بەشداری فەیلەسوفانی ئەورووپی بەردەوامتر بوو، بە تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و کۆچی هەندێ فەیلەسوفانی ئۆکسفۆردی بۆ ئەمریکا و هاوکات دەرکەوتنی لودڤیگ ڤیتگنشتاینی دواتر و ئۆکسفۆردییەکان و ویلارد ڤان ئۆرمان کواین '١٩٠٨-٢٠٠١'.

رێبازی پراگماتیزم جەخت لە پەیوەندی و وەرچەرخانێك لە تیۆرەوە بۆ کردار دەکاتەوە، لە ئەزموون (خبرە) و سروشتەوە بەردەوامی و سەرەنجام وەردەگرێت. ئەزموون بریتییە لە ژینگە و رێڕەو بۆ پێکگەیشتنی سەبژێکت و ئۆبژێکت لە پرۆسەکەدا. زانین بە رێگەی بەهاو ئارەزووەوە رێنمایی دەکرێت و ریالێتی شتەکانیش ناتوانرێن بە رێگەی پێش-ئەزموونی بزانرێن. زانین ئامرازە بۆ رێکخستنی ئەزموونەکانمان. کۆنسێپتەکانیش خووی باوەڕیی یان یاساکانی کردارن. هەروەها هەقیقەت تەنها بە رێگەی رەخنەی مەعریفییەوە دیاری ناکرێت.

فەلسەفەی پراگماتیزم، پراکتیك دەخاتە پێش فەلسەفاندنی تیۆریی، تیۆرەکانیش وەك ئامرازێك دادەنێت، کە راستی و دروستیان دەوەستێتە سەر بەکارهێنان و کارکردیان، هەرئەمەشە وایکردەوە پراگماتیزم دیوێکی روونی ئەزموونگەریی هەبێت، بۆ ئەمەش پشت بە تاکە میتۆد نابەستێت، بەڵکو دژ بە دوالیزمی فەلسەفی کۆن دەوەستێت و هەر میتۆدێکی کردەییش بە گرنگ دەزانێت بۆ زانست و حەقیقەت، لە بوارەشدا جۆن دیوی هەوڵی کاریگەر و بەرهەمداری پێشکەشکردووە.

بەناوبانگترین فەیلەسوفانی پراگماتیزمی کلاسیکی بریتی بوون لە: چارلس ساندرێس پێرس (١٨٣٩-١٩١٤)، ولیام جەیمس (١٨٤٢-١٩١٠)، جۆرج هێربێرت مید (١٩٦٢-١٩٣١)، جۆن دیوی (١٨٥٩-١٩٥٢) و کلارێنس ئایرڤینگ لویس (١٨٨٣-١٩٦٤). بەڵام پراگماتیزمی کلاسیکی بە سێ فەیلەسوف'چارلز ساندرێس پێرس، ولیام جەیمز و جۆن دیوی' فۆرمی تەواوی گرتووە. پێرس بناغەرێژ و فەیلەسوفی کاریگەری پراگماتیزمە، بەڵام حەزی بە ناوبانگ نەبوو،

تەنانەت نووسینەکانی وەك کۆبەرهەم لە دوای مردنی بڵاوکرانەوە (Hookway 2013). بەڵام پێرس، وەك وتەبێژ و دامەزرێنەری 'یانەی میتافیزیکی'، پراگماتیزمی وەك میتۆدێك بۆ هـزرین یـان 'تیـۆری واتـا' هـەژمارکرد، لەکاتێکدا جەیمز وەك تیۆرییەك لە دروستیی — الصدق دایڕشت، هاوکات دێوی لە ئامرازگەرییەکەیدا وەك تیۆرییەك لـە بـەهادا گەشەی پێدا و دواتر ئەزموون و مەبەستە مرۆییەکانی خستە خزمـەت ئامانجەکانـەوە و دەرەنجامـە کردارییەکانیشـی کردە پێوەری راستی هزرۆکەکان، هەروەها 'فێردیناند شیللەر'یش ١٨٦٤–١٩٣٧ وەك رێبازێـك لـە ئـیرادەدا ناسـاندی (**الحفني**: ٩٤).

دەرکەوتنی کاریگەری پراگماتیزمی دواتر لەگەڵ فەیلەسوفانی نوێی ئەم رێبازەدا بـوو، وەك: 'ریچـارد رۆرتـی، هـیلاری پوتنـام و رۆبێـرت برانـدۆم'. بـەڵام سـەرجەمی رێبازەکـە بـە 'سـەرەنجامە کردەییـەکان'ی فەلسـەفەکەیدا دەناسرێتەوە، هەرچەندە لە کارەکانی پێرس و جەیمس دا پراگماتیزم رووەو حەقیقـەت/Truth ئاراسـتەی گرتبـوو. هەروەها پراگماتیزم زۆر لـق و رێچـکەی گرنگـی هەیـە بـریتین لـە: ئامرازگـەرایی، ئەزموونگـەرایی رادیکـاڵی، زێـدە–دڵنیایی، رێژەگەرایی کۆنسێپتی، جیاوازیی فاکتە بەها، هەروەها کەوتنە–هەڵەوە.

هەروەها فەیلەسوفانی وەك 'جۆرج سانتایانا، ویلارد ڤان ئۆرمان کواین، وڵفرید سـێلارس و سوسـان هـاك' لـە فەیلەسوفانی پراگماتیزمن، 'کواین و سێلارس' لە نوێکردنەوەی هزری پراگماتیزمیدا کاریان کـرد و رێچـکەیەکی نـوێی پراگماتیزمیان بۆ رەخنـەی 'پـۆزەتیڤیزمی لـۆژیکی' لـە سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بـەکارهێنا. 'سوسـان هاك'ی فەیلەسوف هاوچەرخ کاری لە پراگماتیزمی شرۆڤەیی و کلاسیکییانەی نوێدا کرد، بە تایبەت کارەکانی پێرس و جـەیمس و دێـوی. هـەروەها جـۆرێکی دیکـەی پراگمـاتیزم هەیـە کـە لـە 'ریچـارد رۆرتـی'یـەوە سەرچـاوە دەگرێـت و پێیدەگوترێت 'پراگماتیزمی نوێ' و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم برەوی پەیداکرد.

وشەی 'پراگماتیزم' لە 'پراگما/Pragma یان پراگماتا/Pragmata'ی گریکییەوە هاتووە بە واتای کـردە و کردار و ئەویش لە 'پراسۆ/Prasso یان پراتۆ/Pratto یان پراتین/Prattein' وەرگیراوە بە واتای بەدەستهێنان و ئەنجامدان. بۆ یەکەم جار وەك رێبازێکی فەلسەفیی 'چارلس پێرس' دایمەزرانـدووە و فـۆرمی پێـداوە بـە رێگـەی دوو نووسینەوە: یەکەم 'چەسپاندنی باوەڕ ١٨٧٧' و دووەم: 'چـۆن بیرۆکـەکانمان روونبکەینـەوە ١٨٧٨' کـە لـە گۆڤـاری 'Popular Science' دا بڵاویکردەوە، لەم گوتارەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسـیاری ئـەوەی داوە کـە داخـۆ کـەی بیرۆکەکان واتایـان دەبێـت؟ کـەی دەربڕینـەکان دروسـتن؟ کـەی دەشـێ بیرۆکەیـەك دەربـڕین و کـەی ناشـێ؟ دواتـر وەڵامەکـەی دەگـات بـەوەی کـە 'بیرۆکـە ئەوەیـە کـە ئـەنجامی دەدەیـن و بـە کـردار دەیکـەین'، هـەروەها واتاکـەی پەیوەستە بە ئەنجامەکـەی و لێکەوتـە زانسـتییەکانی (کامـل ١٩٩٣: ٩٧). هـەروەها ئێمـە دەبـێ هەمیشـە چـاوەڕێی دەرەنجامی کردارییی بکەین، دەرەنجامی کرداریش لەسەر بیرۆکەکان وەستاوە، ئەم بۆچوونە بناغەییەی پێرس تـەنها لە فەلسەفەدا کاریگەر نەبوو، بەڵکو لە سەرجەمی بوارەکانی مۆراڵ، کۆمەڵایـەتی، ئـابووریی، پـەروەردە، سیاسـەت، هونـەر و چـەندانی دیکـە کاریگـەر بـوو. بەمـەش، پێـرس وەهـا پێناسـەی پراگمـاتیزمی کـرد کـە میتـۆد و رێبازێکـە بیرۆکەکان بە رێگەی کردار و سـەرەنجام و لێکەوتـە پراکتیکییـەکانی روونـدەکاتـەوە (ابراهیم: ٢٢). هـەروەها 'جـۆن دێوی' لە گوتاری (پراگماتیزمی پێرس)دا ئاماژە بەوە دەکات کە پێرس یەکەم جار واژەی پراگماتیزمی بـەکارهێناوە، کـە خـۆی گوتویـەتی لـە هـەردوو کتێبەکـەی کانـت (رەخنـەی ئـەقڵی پـەتی و رەخنـەی ئـەقڵی پراکتیکـی) ئیلـهامی وەرگرتووە (Dewey 1923: 301).

پێرس کە پراگماتیستێکی ئەمپیریست بوو، بەڵام نەك ئەمپیریزمی فاکتەکی لە دیدێکی ماتریالانەوە، بەڵکو ئەمپیریزمی فینۆمینۆلۆژی کە لە 'کانت'ـەوە گەشەی پێدا، هەروەها سێ کاتیگۆرییە هێماییەکانی پێرس لە ئەنجامی رەخنەکانی ئەوبوون لە فینۆمینۆلۆژییەکەی کانت، ئەمەش بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی لۆژیکی لە نێوان مرۆڤ و جیهاندا لەبری پەیوەندی سایکۆلۆژی (Deledalle 2000: 14-15). پێرس واژەی 'پراگماتیزم' لە 'ئیمانوێل کانت'ـەوە وەردەگرێت، بەڵام واتای جیاوازی پێدەدات. 'ئیمانوێل کانت' لە کتێبی 'رەخنەی ئەقڵی پەتیی' و 'میتافیزیکای ئاکار'دا جیاوازیی کردووە لە نێوان پراگماتیك و کرداریی، ئەنترۆپۆلۆژیای پراگماتی (کرداریی) بریتییە لە ئەخلاق (ئێتیك)ی کرداریی. بەڵام هۆریزۆنی پراگماتیك (پێکگەیشتنی ئاسۆییانەی ئاسمان و زەوی لەسەر هێڵێك) گۆڕینی زانینی گشتیمانە بۆ کاریگەری لەسەر ئاکار (مۆڕاڵ)مان، بۆ کانت هەموو ئەو یاسا ئەخلاقییانە دەگرێتەوە کە بە لای ئەوەوە پێشینەیی (پێش–ئەزموونیی)ن. بەڵام پراگماتی ئەو رێسا هونەریی و شێوازی مامەڵەکردنانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر ئەزموونکردن (خبرة) دەکەنەوە (Thayer 1982: 48). کانت بۆ جیاکردنەوەی میتافیزیکای سروشتی و میتافیزیکای ئاکار هەوڵیداوە بابەتەکە بە رێگەی پراگماتیکەوە راڤە بکات.

لە کاتێکدا 'پێرس' دژ بە ئەقڵییەتی کارگەیی بوو، رەتیکردەوە رێباز و فەلسەفەکەی ناوبنێت 'کرداریی'، بەڵکو بە درێژایی ژیانی جەختی لەوە دەکردەوە کە خاوەن رێبازێکە لەسەر بنەمای رێسا لۆژیکییەکان، سەرەڕای ئەوەش 'ولیام جەیمز'ی هاوڕێی بیرۆکەی رێبازی پراگماتیزمی لە جێبەجێکردن و ئەنجامی کرداریدا دەبینییەوە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ناکۆکی نێوان 'پێرس' و 'جەیمز'. هەر لەبەر ئەمەش پێرس فەلسەفەکەی ناونابوو پراگماتیکگەرایی 'پراگماتیسیزم Pragmaticism' لەبری پراگماتیزم، ئەمەش بۆ خۆجیاکردنەوە بوو لە 'ولیام جەیمز' و پراگماتیستەکانی تر(Urmson & Ree 1991: 229).

پراگماتیستەکانی تر زیاتر رووەو کرداری سوودگەرا هەنگاویان دەنا، ئەوان پێیانوابوو حەقیقەت و دروستیی (صدق) بریتین لە بەهای دەستبەجێ (Cash Value) و سوودی ماددی وەك کاڵاکانی بازاڕ، لە کاتێکدا پێرس رووەو 'تیۆری واتا' ئاراستەی گرتبوو دژ بە خۆدەرخستن و بەرژەوەندی تایبەت و خزمەتکاریی عەقڵ بۆ کار، یان ئامرازگەرایی (Instrumentalism) بوو لەلای جۆن دێوی، کە هزرۆکەکانی وەك ئامراز دادەنا. بەڵام پێرس و فەلسەفەکەی بە نەناسراوی تا ماوەیەکی درێژ مانەوە و ناوی 'پراگماتیسیزم' لەسەر زمان قورس بوو، لەبەرئەوە جێگەی خۆی نەگرت (علي ١٩٩٥: ٤٨–٤٩). هەرچەندە پێرس وەك یەکەم فەیلەسوف لە گوتاری "چۆن بیرۆکەکانمان روون بکەینەوە"دا ئەوەی خستە روو کە دەبێ بیرۆکەکان سوودی کرداریان هەبێت، بەڵام لە بە–کردەکردنی هزردا کێشەی هەبوو لەگەڵ ولیام جەیمزدا، پێرس لەو بڕوایەدا بوو کە دروستە بەها (Truth Value) لە سوودی کردەییدایە، بەڵام جەیمز ئاماژەی بۆ دەرەنجامی کرداریی دەکرد کە بەهای دروست بریتییە لە باشترین دەرەنجامی کرداریی مەبەستەکی لە ژیاندا (روزنتال و یودين ٢٠٠٦: ٢١٧). بۆ نموونەی واتا و بەهای دەسبەجێ دەتوانین 'شەکر' وەربگرین، ئایا بەها و واتای شەکر لە شیرینی و وزە و بەکارهێنانیدایە یان لە نرخ و بەها بازاڕییەکانیدایە کە لەکاتی کڕین و فرۆشتنیدا دەردەکەوێت، بە تایبەت کە فرۆشیار لە پێناوی نرخ و سوودی سەرمایەدا و کڕیار لە پێناوی بەهای شیرینی و بەکارهێناندا دەیکڕێت، واتە بەرهەم بۆ بازاڕ و سوودی ئابوورییە یان بۆ بەکارهێنان.

هەروەها پێرس دەیویست جۆرێك لە پۆزەتیڤیزم بونیاد بنێت لە ژێر ناوی پۆزەتیڤیزمی ناسراو (Proper-Positivism)، كە لە بری میتافیزیكای ئۆنتۆلۆژی كار لەسەر میتافیزیكای زانستی بكات و فەلسەفە لە پۆخڵەوات و بێهوودەیی رزگار بكات كە لەبارەی حەقیقەتەوە دووچاری ئاڵۆزی هاتبوو، چونكە حەقیقەت بۆ پێرس بریتییە لە 'ئەوەی كە ئەوەیە' جا تۆ یان من یان هەركەسێكی دیكە پێیوابێت كە 'ئەوەیە یان ئەوە نییە' (See Panesa 1996: 251, 254).

كەواتە پێرس لەگەڵ ئەو پراگماتیزمەدا ناكۆك بوو كە ولیام جەیمس لە دەرسگوتارەكانیدا باسیدەكرد، چونكە بڕوای وابوو كاریگەری نەرێنی لەسەر فەلسەفەی پراگماتیزم دەبێت كە ئەوسا لە برەودابوو وەك فەلسەفەی رۆژ (Audi 1999: 654). بە تایبەت كە 'ولیام جەیمز' بە وەرگرتنی تیۆری واتا-ی پێرس و تەوزیفكردنی، (كاتێك پێرس لەبارەی شوێنكەوتە كرداریيەكانی هزرۆكەكانەوە لەو بڕوایەدا بوو كە سەرجەم هزرین و وێناكردنە هۆشەكییەكان لەبارەی بابەتێكەوە، هەروەها هەستكردنە راستەوخۆ و ناراستەوخۆكان تەنها بریتی دەبێت لە هزرین لەبارەی ئەنجامە كرداریيەكانی بابەتەكە) سەرجەم بنەمای فەلسەفەكەی لە كتێبی 'پراگماتیزم'دا دادەڕێژێت و تیۆر وەك ئامرازی توێژینەوە دادەنێت (ابراهیم: ٣٠-٣١). ئەم كاریگەرییە هاوكات لەسەر جۆن دێوی-ش بە روونی دیارە كاتێك فەلسەفەی ئامرازگەری پێشنیاز دەكات، بەوەی كە بیرۆكەكان تەنها ئامرازێكن بۆ كردار، ئەگەر نەبن بە كردار واتایەكیان نابێت.

'پراگماتیزم' وەك كتێبی چاپكراو دەگەڕێتەوە بۆ 'ولیام جەیمس' لە كتێبی 'پراگماتیزم' ساڵی ١٨٩٨، كە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاكانی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ چارلس پێرسدا باسیان لێوەكردبوو و لەسەری رێككەوتبوون. 'جەیمز' پێیوایە كە پێرس دامەزرێنەری پراگماتیزمە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ زنجیرەیەك گوتاری پێرس. بەڵام لە گشتیدا دەشێ بگوترێ كە ئاراستە سەرەتاییەكانی پراگماتیزم لە لایەن ئەندامانی 'یانەی میتافیزیكی'یەوە بوو (علی ١٩٩٥: ٤٧) كە زیاتر لە ماڵی 'پێرس' یان 'جەیمس' كۆدەبوونەوە و گفتوگۆیان دەكرد (هەرچەندە پێشتر بیرۆكەكە لای پێرس هەبووە) كە بریتی بوون لە (چارلس پێرس، ولیام جەیمس، نشونسی رایت، جۆن دێوی، نیكۆلا گرین، فرانس ئابۆت و هێربێرت مید). ئەندامانی یانەكە لە روانگەیەكی پراگماتییانەی دەروونییانە دەیانڕوانییە باوەڕ و میتافیزیك، بە جۆرێك 'گرین' لە یەكێك لە دانیشتنەكاندا ئەم پێناسەیە دەخاتەڕوو: "باوەڕ ئەو بنەمایەیە كە مرۆڤ لەسەری ئامادەی رەفتار دەبێت" (علي ١٩٩٥: ٤٧). بە تایبەت كە پێرس و جەیمس لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی نۆزدەهەم لە كامبریجەوە لەسەر بیرۆكەی پراگماتیزم گفتوگۆیان كردبوو. بەڵام بە شێوەیەكی روونتر سەرەتای پراگماتیزم بۆ دوو نووسینی بەناوبانگی پێرس و جەیمس دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٨٧٨. یەكەمیان، پێرس: 'چۆن بیرۆكەكانمان روونبكەینەوە' و دووەمیان، جەیمس: 'پێناسەی سپێنسەر بۆ ئەقڵ وەك هاوتەریبی'.

خستنەڕووی ئەم دەروازەیە لە فەلسەفەكەی چارلس پێرس، كۆمەكمان دەكات لە تێگەیشتنی تیۆرەكەی ئەو لەبارەی هێماوە. چونكە هێماكان تەنها وێنەیەك نین، بەڵكو كاركرد و واتای فراوان و ئاڵۆزیان هەیە، لە ئەرك و كاربردەكانیان دەگەین بە راڤە و زانینی پراگماتی كە لەسەر بنەمای لۆژیك و ئەزموونی زانستییەوە دەتوانین مەعریفەیان لێوەرگرین. هەروەها وەك هەڵوێستێكی فینۆمینۆلۆژیانە دەشێ لە رەهەندی جیاوازی فەلسەفەكەیەوە بەرەو كێشە كرۆكییەكان برۆین كە خۆی لە هێمادا دەبینێتەوە، بە جۆرێك لە فەلسەفەی پێرسدا 'باوەڕ/الاعتقاد'یش بابەتێكی پراگماتییە و زەمینەی كردارنوێنییە، نەك چاوەڕوانی ئایندە و بەخشینی میتافیزیكی، كەواتە ئەمە بۆ هێماش هەر دروستە.

**تەوەری دووەم: پەیوەندی هزر و هێما**

هێما (Sign) تێگەیەکە لە فەلسەفە و لۆژیك و زمانەوانی و زانستەکانی دیکەدا لەگەڵ چالاکی و تێگەیشتنی مرۆییدا خەریکی شرۆڤە و راڤەکارییە، زیاتر وەها لە هێما تێگەیشتووین کە شتێك یان کردەیەك، یان رووداوێکە دەشێ بە هەستەکان درکبکرێت و ئاماژە و دەلالەت بێت بۆ شتێك یان کردە و رووداوێك. ئەمەش پێناسەیەکی گشتگیر و تەواو نییە بۆ هێما چونکە تەنها لە یەك رەهەندەوە رووەدەکاتە زانین و ناسین و تێگەیشتنی هێما، لە کاتێکدا هێما فۆرمێکی بونیادیی ئاڵۆزی هەیە و لەگەڵ لۆژیك و واتا و ئاگایی و زانین و دەروون و کردە مرۆییەکان لە پەیوەندیدایە (روزنتال و یودین ٢٠٠٦: ٣٠). هەرچەندە هێما و ئاماژە لە ژیانی رۆژانەدا لە بەستێن و تێگەیشتنی زۆر سادەوە بەکاردەبرێن، وەك ئەوەی جوڵە جەستەییەکان ئاماژە بۆ شتێك بکرێت، بەڵام لە فەلسەفە و لۆژیکدا هێما پێگەیەکی باڵاتر و ئاڵۆزتری هەیە، چونکە بەشداریی کارا دەکات لە تێگەیشتن و راڤە و خستنەوەی جیاوازیی یان هاوڕایی.

کەواتە هێما دەشێت هەستەکی یان زەینی بێت، سروشتی بێت یان دەستکرد، بەڵام لە گشتیدا سێ واتای هەیە: یەکەم، شتێکی درککراوی هەستەکییە و ئاماژە بە شتێکی دیکە دەدات، وەك سورهەڵگەڕان هێمای تا لێهاتن بێت. دووەم، هێما کردەیەکی دەرەکی و درککراوە و مەبەست لێی گوزارشتە لە ویست (ئیرادە)، وەك پەنجە راوەشاندن بۆ هەڕەشە و رێگەنەدان بە کردنی کارێك. سێیەم، هێما شتێکی بەدەستهێنراوە لە بابەتێکی درکنەکراو، وەك هێما زمانیی و ژمێرەیی و جەبرییەکان. بەڵام لە هەر سێ واتاکەدا هاوبەشییەك هەیە کە کاتێك هێما شتێکە بە رێگەی شتێکی دیکەوە ئەزموون دەکرێت و دەناسێنرێت یان دەبێتە جێگرەوەی (صلیبا ١٣٨٥: ٨٤). لەگەڵ ئەم پۆلێنکارییەدا بۆ هێما، چارلس پێرس لەسەر بنەمای لۆژیك و تێگەیشتن دابەشکاریی تازە بۆ هێما دەکات، تەنانەت هێما بۆ خۆی دەبێ لە سێ رەهەندەوە تێیبگەین جا هەر جۆرێکی هێما بێت، لەبەرئەوە فەلسەفە هێماییەکەی بە سێپاژیی بەناوبانگە.

**١. هێمازانی (سێمیۆتیك) لەلای پێرس**

هزرین بە هێما و لە هێمادا، پانتاییەکی فراوانی فەلسەفەی پێرسی گرتووە، تا ئەوەی پێرس پێیوابوو 'سەرجەمی هزر لە هێمادایە' و هاوکات سەرجەم کارایی و چالاکی هزر بە هۆی هێماوەیە ( Peirce 1931: CP 1.191). هەرچەند ئەمەش وەك درێژەی فەلسەفە فینۆمینۆلۆژییەکەی دادەنرێت، کاتێك بۆ زانین و راڤەی دیاردەکان هزر لە هێماوە سەرچاوە دەگرێت و تێگەیشتن بە هێما دەکات لە رێگەی راڤەی هێماکان، واتا مامەڵە و پەیوەندی هزر لەگەڵ هێمادایە، بۆ ئەمەش پێویستە شت بە هێما بکرێت و هزریش هێما راڤە بکات و بیناسێتەوە و واتا بخاتە هۆشەوە.

هێماکان لە زۆربەی بوارە تیۆری و کردارییەکان بەکاردەبرێن و رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی رۆژانەماندا دەگێڕن. هەوڵدەدرێت هەر شتێك لە بووندا هێمای هەبێت، بۆیە بە بێ تێگەیشتن لە هێما، تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ کارێکی سەختە، ئەمە نەك بەو واتایەی کە کۆمەڵگەی کۆن هێمای بەکار نەهێنابێت، بەڵکو لە ئەفسانە و دەقە پیرۆزەکان و زمانی هێمایی و هەموو ژیانی کۆندا بە بێ تێگەیشتن لە هێماکانیان لە شارستانیەت و رابردوو تێناگەین. هەروەها بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوە (هزرەکی و کردەکی) پێویستمان بە هێمایە، چونکە هێما دەبێتە کەناڵی پەیوەندی نێوان هزر و جیهان. ئەمەش رێگە بۆ پەیوەندی سیستەماتیکی و

نەهێشتنی فرەبکەریی و فرەتێگەیشتن گرنگە، لێرەوە سێمیۆتیك توانستی دامەزراندنی زانینی نوێی هەیە بە رێگەی هێماکان و هاوکاری لۆژیك و زمان.

سێمیۆتیك یەکێکە لەو تێرمانەی کە زۆر بە بڵاوی لە زانستەکاندا بەکاردەهێنرێت. ریشەی واژەکە لە ئەدەبی کۆندایە، لە هێما و ئەفسانەکانی رابردوودا، لەو هێمایانەی کە بنەما و رەگەزی ئەفسانە کۆنەکانن و زمانی هێماییان هەیە. فەیلەسوفان، زانایان، لۆژیکزانان زمانەوانان، مرۆڤناسان، دەروونزانان و ئەدیبان لەبارەی هێماوە توێژینەوە دەکەن لە بوارە جیاوازەکاندا. بەڵام لە فۆرمە مۆدێرنەکەی سێمیۆتیکدا کە چارلس پێرس داهێنەرییەتی، پێناسە و لایەن و رەهەند و جۆری تازەی بۆ هێما دیاریکرد، بە رێگەی لۆژیکەکەیەوە لە زانستە جیاوازەکاندا بەکاری هێنا. ئێمە دەمانەوێت لە روانگەی پێرسەوە سێمیۆتیك بزانین و بەوە بگەین کە ئەم بابەتە بۆچی گرنگە.

بۆ یەکەم جار 'هیپۆکراتیس ٤٦٠-٣٧٧ پ.ز' دامەزرێنەری زانستی پزیشکی لە رۆژئاوا، لە بواری پزیشکیدا ئاماژەی بە زانستی هێماناسی کردووە کە لە نیشانەکانی نەخۆشی دەتوێژێتەوە (Sebeok 2001: 4). بەڵام لە سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە زانا و پزیشکی گریکی 'گالینۆس ١٣٠-٢٠٠ز' دەکرێت کە وەك زانستی نیشانەکان لە پزیشکیدا بەکاریهێناوە، واتە ئەو نیشانانەی لەسەر جەستەی نەخۆش دەردەکەون و ئاماژە بە نەخۆشی دەدەن و لە رێگەیەوە نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکرێت (المرهج ٢٠٠٨: ٨٢). 'پلاتۆ' لە کتێبی 'کراتیلۆس' دا ئاماژە بۆ بنچینەی زمان دەکات کە 'هێرمۆجین و کراتیلۆس' لەسەر کێشەی ناونانی شتەکان و سەرهەڵدانی زمان دیالۆگ دەکەن. 'ئەرستۆتێلیس'یش لە کتێبی 'گوزارشت' و 'هۆزان' دا ئاماژە بۆ کێشەی 'ناو' لە زماندا دەکات و هاوکات لە هێمادا دەچێتە ناو بابەتی نیشانە و ئاماژە و واتا، بۆ نموونە ناو بریتییە لە هێمایەك کە خەڵکان لەسەری رێککەوتوون. ئەمانەش وەك سەرەتاکانی سێمیۆتیك دەشێ دابنرێن. دواتر هەر یەکە لە 'ستواییەکان و ئیپیکۆرس و ئۆگۆستین (کە جیاوازی لە نێوان هێمای سروشتی و مرۆییدا کرد) و ولیامی ئۆکهامی و جۆن لۆك' کاریان لەسەر کردووە، تا دەگاتە کارە مەزنەکانی زمانەوانی سویسری 'دی سۆسێر ١٨٥٧-١٩١٣'.

'Semiotics' لە واژەی کۆنی گریکی 'Semeion' وەرگیراوە کە واتای 'هێما' دەگەیەنێت. بۆ یەکەم جار تێگەی سێمیۆتیك لە لایەن فەیلەسوفی ئەزموونگەرا 'جۆن لۆك ١٦٣٢-١٧٠٤'ـەوە وەك زانستی هێماکان ناسێنرا لە کتێبی 'لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە ١٦٩٠' لەوێدا دەبێژێت: "لە تاقیکردنەوەی پرۆسەی بە هێماکردندا بنەمایەکم بۆ لۆژیکی نوێ بینی" واژەکەش لە ریشەی وشەی 'Seme'ی گریکی لە 'Semeiotikos' وەرگیراوە بە واتای گوزارشتی هێما (Cobley & Jansz 1997: 4-7). ئەوکات جۆن لۆك پەیوەندییەکی ئاماژەیی لە نێوان بیرۆکە و دەنگ یان وشەکان دۆزیەوە و وەك هێمازانی هەژمارکرا کە وشە و دەنگەکان ئاماژەن بۆ ئایدیاکان، ئەم پەیوەندییە هێماییە بۆ تێگەیشتنە لە نێوان مرۆڤەکان. 'جۆن لۆك' واژەی 'Semiotika' بەکارهێناوە وەك رێبازی هێماکان کە لە سروشتی هێما دەتوێژێتەوە و ئەقڵیش بەکاری دەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە شتەکان و گواستنەوەی زانین بۆ ئەوانی دیکە کە بە گواستنەوە و گۆڕینەوەی ئایدیا و تێگەیشتن و واژە و دەنگ دروستدەبێت. لە فەرهەنگی کامبریجی فەلسەفیدا، سێمیۆتیك بە سێمیۆسیس 'کە لە پێوانە و هەژماری هێما بە زمانی گریگی هاتووە' پێناسە کردووە، پەیوەندی هێماییش بۆ سێ لایەن دابەشدەکات: هێما، شت و هۆش (Audi 1999: 915). هەروەها، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی فێرکاریی پێشکەوتوواندا، سێمیۆتیك وەك "توێژینەوەی هێماکان و نیشانەکان و واتا و بەکارهێنانیان" پێناسە کراوە (Oxford 2010: 1390).

سێمیۆتیك لەوە دەتوێژێتەوە كە چۆن شتێك واتای شتێكی دیكە دەدات، یان چۆن شتێك دەتوانێت شتێكی دیكە بێنێتە ناو هۆشەوە، بەڵام نەك وەك خۆی بەڵكو وەك تێگەیشتن و راڤە. بەمشێوەیە توێژینەوە لە هێماكان دەبێتە توێژینەوە لە هزرین، لەكاتێكدا شتەكان خۆیان ناخزێننە نێو هۆشەوە بەڵكو بە شتێكی هۆشەكی وێنا دەكرێن (Routledge 2000: 819). لەسەردەمی هاوچەرخیشدا، لە ژێر بابەتی سێمیۆتیكدا چەندان لق پۆلێنكراون، كە یەكێكیان سێمیۆتیكی پراگماتییە و لەلایەن پێرسەوە گەشەپێدراوە، جیاواز لە سێمیۆتیكی ئەوروپی لە نموونەی 'فێرگەی پاریس'. كە زیاتر جەختكردنەوەیە لە لۆژیك و واتا و وەك سەنتەرێك بۆ زمانەوانی پێشنیازكراوە و لەوێوە پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەدا دەگرێت، دواتریش زۆربەی كارەكانی پێرس رووە و تیۆری هێما و گەشەپێدانی كاتیگۆرییەكانی هێما ئاراستەی وەرگرت (Martin & Ringham 2000: 1).

پێرس لە بەناوبانگترینی ئەو فەیلەسوفانەیە كە كاری لەبارەی سێمیۆتیكەوە كردووە، لە پێرسەوە ئەم بابەتە فراوان بوو، هەروەها توێژینەوەی زۆری لەبارەوە كرا. پێرس زۆربەی نووسینەكانی لەبارەی لۆژیكەوە بوو لە پاڵ كارەكانی لەبارەی ماتماتیك، میتافیزیك، گەردونزانی، ئەستێرەناسی، سایكۆلۆژی و زەویناسی. هاوكات سێ بواری سێمیۆتیك جیاكرانەوە لە هێما زمانەوانییەكاندا، ئەوانیش: پراگماتیزمی، واتازانی و رستەسازیی (Audi 1999: 915). پێرس، سێمیۆتیك وەك زانستی هێماكان پێناسە دەكات، لە نووسراوی 'لەبارەی لیستێكی نوێی كاتیگۆرییەكان' دا دەستی بە توێژینەوە لەم بابەتە كرد، بەڵام جیاوازیی تیۆرەكەی پێرس لەوەدا بوو كە هێمازانی لە راڤەی دوانەیی (هێما – هێماێنراو)ی سێمیۆلۆژیەكەی (دی سۆسێر)ەوە گواستەوە – یان رزگاركرد – بۆ راڤەی سێپاژیی. بەمەش لای پێرس، هێما خاوەن پەیوەندییەكی سێپاژییە نەك دوانی، ئەوانیش هێما، شت و راڤە (Cobley & Jansz 1997: 3). هەروەها هێمازانیی سۆسێریی زمانەوانیی و ئەزموونگەرییە، لە كاتێكدا هێمازانیی پێرسی فەلسەفیی و لۆژیكیی و كاتیگۆرییانەیە بۆ گەیشتن بە ناسینی فینۆمێنەكان. هەروەها جیاواز لە 'جۆن لۆك' هێمازانی بۆ پێرس بریتییە لە سیستمێك نەك رێبازێك، كە دەشێت كاتیگۆریانە پۆلێن بكرێت و وەك زانست لێی بتوێژرێتەوە.

تیۆرە هێماییەكەی پێرس، وەك ئەوەی دی سۆسێر، تەنها زمانەوانی نەبوو، بەڵكو بۆ بنیاتنانی سیستەمێكی نوێی زانین بوو كە هەریەكە لە فەلسەفە، فینۆمینۆلۆژیی، لۆژیك و سێمیۆتیكی لەخۆگرتبوو. چونكە بە بڕوای پێرس "ئێمە تەنها لە هێمادا بیردەكەینەوە" (Peirce 1932: 302) و هەروەها بۆ پێرس "سەرجەمی هزر لەسەر هێما وەستاوە" هەروەها "هەموو هزر لە هێمادایە" (Peirce: 5.250 – 5.253) (See: Thayer 1982: 44). بە پێچەوانەی دی سۆسێر، هێما لای پێرس بچوكترین یەكە نییە، بەڵكو سادە و ئاڵۆزە. هەر بابەت و شتێك، هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت، دەشێ وەك هێما دابنرێ لەو ساتەوەی كە دەخزێتە نێو پرۆسەی سێمیۆتیكەوە، كە پرۆسەیەكی سێپاژیی نێوان نواندن و بابەت و راڤەیە (Hêbert 2011: 193).

كەواتە تیۆری هێما لای پێرس گشتگیر و فراوانە و لە چەندان كاتیگۆری و ئاست و تێگەیشتندا پۆلێنكراوە، تەنها وابەستەی زمانەوانی نەكراوە، بەڵكو وەك رێبازێكی نوێی هێماكان لە لۆژیك و زانست و فینۆمینۆلۆژیدا سەرجەم هزر و فەلسەفە و ژیان دەگرێتەخۆی. لەم لایەنەوە زۆرێك لە توێژەران خۆیان بە قەرزباری پێرس دەزانن لە سێمیۆتیك وەك سیستمێكی لۆژیكی و هزریی و مەعریفی، نمونەی ئەوانەش 'ژولیا كریستیڤا ١٩٤١–' (بڕوانە، شارەزووری ٢٠١٥: ١٠٨) ژنە فەیلەسوفی هاوچەرخی بولگاری–فەرەنسی. هەروەها دواتر لەلای زۆرێك لە فەیلەسوفانی وەك رۆلان بارت و ئێمبەرتۆ ئێكۆ و ئەندریە ماتینیە و لاكان و گریماس سێمیۆتیك لە تیۆرەوە بوو بە میتۆد و ئامرازی

شرۆڤەیی بابەتەکان بە شێوەی جیاواز (بۆ زیاتر بڕوانە، شارەزووری ٢٠١٥: ١٠٩–١١٧) هەروەها (ئەسوەد ٢٠١٥: ٣٠٤–٣٠٥).

**٢. دابەشکاریی سێپاژیی (تریکۆتۆمی) و کاتیگۆری و کارکردی هێماکان**

دەتوانرێت شەش جۆری هێما جیابکرێنەوە، ئەوانیش: نیشانە/Symptom، ئاماژە/Signal، ئایکۆن/Icon، ئیندێکس/نیشاندەر/Index، سیمبوڵ/رەمز/Symbol و ناو/Name (Sebeok 2001: 9-11). بەڵام هێمازانی لەلای پێرس بریتی نییە لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی هێما، بەڵکو بریتییە لە ئاکت و کارکردی هێماکان و رۆڵییان لە زانین و هزردا.

پێرس گەشەی بە تیۆرێکی هێمازانی دا، کە گشتی و سێپاژیی و پراگماتی بوو. تیۆرەکە گشتی بوو، چونکە: ئەزموونە زەینی و پراکتیکی و دەروونییەکان دەگرێتەوە، هێما لە فراوانترین واتا دا تێدەگات و هەموو رەگەز و تایبەتمەندییەکانی سێمیۆتیک لەخۆدەگرێت. هەروەها سێپاژیی بوو، چونکە: لەسەر سێ کاتیگۆریی فەلسەفیی بنیاتنراوە: یەکەمێتی، دووەمێتی و سێهەمێتی کە لە گشتیدا سێ تێرم دێنێتە نێو پەیوەندیەکەوە: هێما، شت و راڤە. هەروەها هێمازانییەکەی پراگماتیی بوو چونکە: هێما وەبەرهێن و واتادەرە، هەروەها هێما کاریگەرە بەسەر کەسی راڤەکار و لێتێگەیشتوو (وەرگر)ەوە (Hêbert 2011: 192).

لە هێمازانیی پێرسدا، سێ رەگەزی گرنگ بەشداریی دەکەن: زانستی لۆژیکی رەخنەیی، زانستی بەیانکردنی هزرین، زانستی رێزمانی هزرین. یەکەمیان وەک نیمچە زەرورەتێکە بۆ هێمازانی، کە وێناکردنەکان بە شێوەی دروست رێکدەخات. بەڵام دووەمیان، کە شێوازی دەربڕین و بەیانکردنە، مەرجە وێنەییەکان بۆ هێزی هێماکان و کێشکردنی هزر دادەنێت، واتا گەرچی هێما پێویستە راست بێت، سەرەڕای ئەمەش دەبێت بەهێز و گونجاو و کاریگەر و سەرنجراکێش بێت. رێزمانی هزریی لەکۆتاییدا دەبێتە زانستی هێماکان، چونکە زمانێک بۆ گەیاندنی شت و هزر و چێکردنی واتا بریتییە لە هێما، ئەمانەش لە ژێر کاریگەری پراگماتیکی واتا و بەکارهێنانی کرداریدایە، کاتێک واتا بریتییە لە پیادەکردن و بەکارهێنان، نموونەی ئەمەش لای 'پێرسی ولیام بریجمان ١٨٨٢–١٩٦١' و پۆزەتیڤیستەکانی وەک 'کارناپ و ڤیتگنشتاینی دواتر' دەبینرێت (جیرار ٢٠٠٩: ٢٢٠).

مەبەستی پێرس لە سێمیۆتیک بۆ دیاریکردنی سروشتی هێما و توێژینەوەی رەگەزەکانی و هاوکات بۆ ناساندنی جۆرێکی نوێ لە زانینی فەلسەفییانە لە رێگەیەکی لۆژیکیانە و زانستییانەوە بوو. بە بڕوای پێرس، هەموو زانستەکان و هەموو شتەکانی نێو گەردوون تەنها بە رێگەی زانینی سێمیۆتیکەوە شیاوی لێتوێژینەوەن. لەبەرئەوە، سێمیۆتیک وەک "نیمچە–زەروری، یان رێبازێکی فۆرماڵی هێماکان" دادەنێت و هەروەها پێیوایە زەینێک کە لە رێگەی ئەزموونەوە فێربووە دەتوانێت سەرجەم هێماکان بەکاربهێنێت. بۆ پێرس، سێمیۆتیک لە چالاکبوونیدا سێ لایەن وەردەگرێت: هێما، شت و راڤە یان گوزارشتەکەی لە هۆشدا، هاوکات لەو پەیوەندییە سیانییەدا پەیوەندی دووانیش بوونی هەیە وەک لە نێوان هێما–شت، هێما–هزر و هزر–شت دا، پێرس بەوە دەناسرێتەوە کە ویستویەتی زۆرترین پەیوەندی هێما بدۆزێتەوە، هەربۆیەشە کۆنسێپت و تیۆرەکانی فرە رەهەندن، ئەمەش لەو نامانەیدا دەردەکەوێت کە بۆ (لەیدی وێڵبی) ناردووە، بۆ نموونە دەتوانرێت ئەم رەهەندانەی لێوە ببینین: زەمینەی ئێپیستیمۆلۆژی، فەلسەفەی ئەقڵ، فەلسەفەی زمان، لۆژیک و مێتافیزیک. پێرس، سێمیۆتیکی تەنها لە 'نیشانە'دا کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو نیشانەی وەک کەمتر و بەرتەسکتر لە سێمیۆتیک زانیوە، چونکە "...بە هێماکردن تەنها یەکێکە لە دوو ئەرکە

سەرەکییەکەی هێماکان ... لەبەرئەوە نیشانە وادەردەکەوێت بۆ سنوردارکردنی توێژینەوە لە پەیوەندییەکانی هێماوە بۆ راڤەکانی ... لەلایەکی دیکەوە، لۆژیك زۆر بە سوودە لە حەقیقەتی هێماکان دا..." (Peirce: CP 8.378). پۆلێنکاریی هێماکان لە لۆژیکی پێرسدا لە لۆژیکی سیمیۆتیکییەوە سەرچاوەدەگرێت، پۆلێنی هێماکانیش بە گوێرەی پەیوەندیان لەگەڵ شتەکانە و بۆ سێ تریکۆتۆمی (سێ–بەش یان سێ–پاژ یان سێ–تا Trichotomies)، کە دواتر دەبێت بە نۆ و ئینجا بیست و حەوت پۆلی هێماکان، دابەشدەبێت: هێما، شت و راڤەی لە هۆشدا. بەم پێوەرە، هێماکان دەشێ وەك هەڵگرێك بۆ هزر دابنرێن و بە گوێرەی ئەم لۆژیکە، لە مەغزا فراوانەکەیدا، دەشێ بڵێین 'هزر هەمیشە لە رێگەی واتای هێماکانەوە شوێنی خۆی دەگرێت' (Lechte 1996: 145).

ئەم سێ رەهەندییەی هێماکان، هاوکات دەروازەی میتۆدێکی دیکەی هزرین بوو بۆ پێرس، کە بە گوێرەی 'پلانی سێپاژیی' جیهان لە سێ ئاستدا بۆ پێرس دەردەکەوێت: شتە بینراوەکان، تێگەیشتنی توێژەر و فەیلەسوف لەبارەیانەوە، هەروەها ئەو تێگە و واژانەی بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەی جیهان بەکاریاندەبات (محمد پور ٢٠١٣: ١٢٩). بەمەش بابەت و هۆش و پەیوەندی نێوانیان بەرێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتن دەبێت.

فیگەرێك کە پەیوەندی سێپاژیی هێما روندەکاتەوە بۆ نەخۆشی ئایدز:




پێرس دەبێژێت "من هێما وەك هەرشتێك پێناسە دەکەم کە لەلایەن شتێکی دیکەوە دیاریکراوە، وەك شتەکەی ناودەبرێت، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر کەسێك دیاریدەکات، کاریگەرییەك کە ناویدەنێم راڤەکەی" (Peirce 1931: CP 1.339). بۆ ئەو، ناسینی هەر تێگەیشتنێك وەك هزر، پێویستە لە هێمایەکدا بەدیبهێنرێت.

بە بڕوای ئێمە، ئەمە جۆرێکە لە بەدیهێنانی هزر لە کاری هونەریدا لای هێگڵ، ئەمەش وانەکانی هێگڵمان بیردەخاتەوە لەبارەی هونەر کە پێیوابوو دەبێ هزر لە فۆرمی هونەریدا ریالیزە بکرێت (بۆ زانینی زیاتر: G.W.F. Hegel, Lectures on Aesthetics: Development of the Ideal in the Special Forms of Art).

پێرس دەبێژێت "تەنها هزرێك کە شیاوی زانین و تێگەیشتن بێت، هزرێکە لە هێمادا. بەڵام هزرێك کە شیاوی زانین نەبێت ئەوا نییە. لەبەرئەوە، هەموو هزرێك پێویستە بە زەرورەت لە هێمادا بێت" (cf, Lechte 1996: 145).

هێمایەك دەبێ وەك 'هێما' بزانرێ کە بەرامبەر بە شتێکە و ئاماژەیە بۆی نەك خودی خۆی. بە بۆچوونی پێرس، هزر بۆ خۆی هێمایە کە دەشێ لە تێگەیشتنی هزر و خەیاڵکردنەکانمانەوە پێیبگەین. هێما سێ پەیوەندیی و هاوهێزیی هەیە: هێمایەك یان نواندنێکی هێمایی، بابەت و ڕاڤە. لەبەرئەوە، سێ کاتیگۆری بۆ سیستەمە ئۆنتۆلۆژییە هێماییەکەی دادەنێت: یەکەمێتی یان کارەکتەریی، دووەمێتی یان پەیوەندی هەروەها سێهەمێتی یان وێناکردن و ڕاڤە. لەلای پێرس سێ کاتیگۆری بنەمایی لە هێمادا پێویستن بۆ ئەزموونی مرۆڤ، ئەوانیش یەکەمێتی (Firstness) و دووەمێتی (Secondness) و سێهەمێتین (Thirdness).

یەکەمێتی: بوونێکە پشتبەستووە بە شتی دیکەوە، بۆ نموونە نیشانەیەکی نەخۆشی وەك تا–لێهاتن و سوورهەڵگەڕان بوونێکی هەستەکیی وابەستەی نەخۆشییەکە یان ئازار هەستێکە پێویستی بە بوونی زەبر، برین، سوتان، نەخۆشی، هەستکردنی دەماریی و ئەندامێکی لەش هەیە، بەڵام ئەمە واتای هۆوئەنجامی ناگەیەنێت، بەڵکو تەنها وەك ئەزموونێکی هەستەکیی دەمێنێتەوە. دووەمێتی: جۆرێکی بوونە کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ شتێکی دیکەدا بە شێوەیەکی کردەکی و ماتریالی، بۆ نموونە فڕێدانی بەردێك بۆ سەرزەوی، یان ئازارچێژتن بە هۆی ددان دەرکێشانەوە کاتێك دکتۆرەکە ددانی نەخۆشەکە دەکێشێت، بە واتای ئەوەی دووەمێتی ئەزموونێکی پراکتیکییە. سێهەمێتی: لە نێوان یەکەمێتی و دووەمێتیدا پەیوەندیەك دێتە ئاراوە. سێهەمێتی رووبەری یاسا و ڕێساکانە، چونکە یاسا پراکتیزە دەکرێت ئەمەش دووەمێتییە و پراکتیزەکردنیش خۆی لە ئاکتوالیزەکردنی چۆنێتیدا دەبینێتەوە کە ئەمەشیان یەکەمێتییە. سێهەمێتی کاتیگۆری هزرە کە خۆی لە زمان و ڕاڤە دا دەبینێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش دروستدەکات، سێهەمێتی بریتییە لە ئەزموونی زەینی و هۆشەکی (Hêbert 2011: 192-193). لەمەوە دەردەکەوێت سێهەمێتی گرنگترین کاتیگۆرییە لە سیمیۆتیکی پێرسدا، چونکە رووبەری کولتور و یاسا و نەریتەکان دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا دەتوانێت یەکەمێتی و دووەمێتیش بە خۆیەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی سیانەیی دروستکات لە نێوان هەست و مادده و هزردا.

"ئێستا، هەر هێمایەك سێ ئاماژەی هەیە: یەکەم، هێمایە بۆ هزرێك کە وێنای دەکات" دووەم، هێمایە بۆ شتێك کە یەکسانە بە هزرەکە و هاویەکە لەگەڵیدا" سێهەم، هێمایەکە لە لایەنێکەوە کە بۆ پەیوەندیی لەگەڵ شتەکەیدا هێنراوە" (cf, Habermas 2007: 103).

پێرس، هەروەها دەبێژێت: "هێماکان شیاوی دابەشکردنن بۆ سێ تریکۆتۆمی Trichotomies: یەکەم، بە گوێرەی هێماکان لەخۆیاندا کە تەنها کارەکتەرێکی رووت و هەبوویەکی ریالن یان یاسایەکی گشتین" دووەمیان، بە گوێرەی پەیوەندی هێماکە بۆ شتەکەی کە هێماکە لەخۆیدا هەندێ کارەکتەری هەیە، یان لە هەندێ پەیوەندیی هەبوویی لەگەڵ شتەکەدا، یان لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ ڕاڤە و وێناکردن" سێهەمیان، بە گوێرەی وێناکردن و ڕاڤەکەی وەك هێمای ئەگەرێك، یان وەك هێمای فاکتێك یان هێمای هۆکارێك" (Peirce 1932: CP 2.243).

هێما بۆخۆی نموونەی یەکەمێتییە، بابەت نموونەی دووەمێتییە و راڤە یان وێنای هزری نموونەی سێهەمێتییە. لەمەوە، سێ جۆری هێما شیاوی ناسینن لەسەر بنەمای بەکارهێنانیان بۆ شتەکان و ئەرکەکانیان. لەبەرئەوە، دەشێ سێ رێگە پێشنیاز بکرێن تا هێماکان وێنای شتەکان بکەن، ئەمەش بە 'تریکۆتۆمی هێماکان' یان سێپاژیی هێماکان ناسراوە و یەکێکە لە تیۆرە هەرە ناسراوەکانی پێرس.

بە گوتەی پێرس، تێرمی جیاواز هەن بۆ سێ تریکۆتۆمی هێماکان، ئەو سێپاژییە بۆ هەر یەك لە بابەتە سروشتی و مرۆیی و کولتورییەکان دابەشکاریی سیانەیی هێمایی هەیە. هەروەها هەر تریکۆتۆمییەك لە سێ رەهەندەوە شیاوی تێگەیشتن و زانینە، بەمشێوەیە:

یەکەم: تریکۆتۆمی یەکەم بریتییە لە نواندنی هێمایی، بە تایبەت بۆ بابەتە سروشتییەکان و دەرخستنی چییەتی هێما. بۆ ئەمە سێ تێرم هەن (لە فەرهەنگی فەلسەفیی پێرس دا) کە بۆ هێما دەگەڕێنەوە و تەنها بە رێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتنن: کوالیساین Qualisign کە کوالێتی و کارەکتەری هێماکەیە و جۆرێتی و چۆنێتی دەردەخات (پێرس بە لێکدانی Quality-Sign ئەم واژەیەی دروستکردووە، کە لە کوردیدا دەبێتە جۆر–هێما و بە کورتی جۆرێما) وەك نموونەی رەنگی شین کە تەنها لە یەك چۆنێتیدا شێوەی گرتووە و هەستی پێدەکرێت. سینساین Sinsign کە تاکە شتێکە و تاکە هێمایەکە یان 'تەنها تاکە بوونێکە' (پێرس لە لێکدانی Single – Sign ئەم واژەیەی داڕشتووە بەکوردی تاك–هێما و بە کورتی تاکێما) وەك نمونەی هێمایەکی هاتووچۆ کاتێك شۆفێرێك بە شێوازێکی پراکتیکی پابەند دەکات. هەروەها سێهەمیان بریتییە لە لێجیساین Legisign کە یاسایەکە لە لایەن خەڵکەوە دادەمەزرێنرێت و هەموو هێما نەریتیی و داهێنراوەکان لێجیساینن (پێرس ئەم واژەیەی بە لێکدانی Legal-Sign داڕشتووە بە کوردی یاسا–هێما و بە کورتی یاسێما) بۆ نموونە فیکەی داوەری یاریەك یان بلیتێك (Short 2007: 209).

دووەم: تریکۆتۆمی دووەم، دابەشکاریی هێمایە بە تایبەت پەیوەست بە بابەتە مرۆییەکان و پەیوەندی هێما و بابەت. لێرەدا بابەت لە کارکردی هێماییدا ڕووندەکاتەوە و پەیوەندی نێوان بابەت و هێما دیاریدەکات. هێما ئاماژە بۆ ئۆبژێکتێك دەکات، لەم ئاستەدا دەشێ هێما وەك ئایکۆن Icon، ئیندێکس Index و سیمبوڵ Symbol بناسین (Peirce 1931: CP 1.372).

ئایکۆن لە سێمیۆتیکی پێرسدا هێمای بابەتێکە کە هێمایاندوویەتی، بۆ نموونە پۆرترێتێك هێمایە چونکە وێنەی بابەتێك دەداتەوە یان نەخشەی خانوویەك بریتییە لە ئایکۆنی خانووەکە (Martin & Ringham 2000: 73). ئایکۆن کارەکتەر و هێماکارە، بە کورتی هێمایە بۆ شتێك و هاویەکی لەگەڵیدا هەیە. هەرچەندە پێرس ئاماژە بۆ ئایکۆنی راستەقینەو (نموونەیی و تەواو) لەلایەك و ئایکۆنی ناراستەقینە (گریمانەیی و ناتەواو) دەکات (Peirce: CP 2.276). کە یەکەمیان هاویەکی هەیە لە نێوان ئایکۆن و بابەتەکە و دووەمیان ئایکۆنێکی داتاشراو و ناتەواوی لاساییە، لە کاتێکدا ئایکۆنی راستەقینە زیاترە لەوەی هاوشێوەی بابەتەکە بێت، بەڵکو خودی بابەتەکەیە وەك درەختێك کە ئەرکە سێمیۆتیکییەکەی بەدەستدێنێت وەك هێما و لە بابەتەکەشی جیاناکرێتەوە وەك درەختێك و هاویەکن، بەڵام ئایکۆنی گریمانەیی لاساییە وەك وێنەی درەختێك کە لاسایی ئایکۆنی درەختە.

ئیندێکس بۆ پێرس بریتییە لە هێمایەك کە فیزیکییانە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ بابەتێك و نیشاندەرە، پەیوەندی نێوان هێما و هێمانراو دەردەخات. بۆ نموونە تەقەی لە دەرگادان، ئاماژە کردن بە پەنجە بۆ شتێك، تا لێهاتنی نەخۆشێك، بارۆمەتر و هتد... (Martin & Ringham 2000: 76) کەواتە ئیندێکس بریتییە لە

پەرچەكرداری ریالییانە لەگەڵ شتێكدا، چونكە هێما دڵنیامان دەكاتەوە كە ئاماژەی بۆ بابەتێكی هەبووی نێو ریال كردووە. هەروەها، سیمبوڵ تێگەیشتن لە هێما دیاریدەكات. بەڵام سیمبوڵ وەك هێما هیچ پەیوەندی و هاویەكییەكی لەگەڵ بابەت و شتەكەدا نییە، تەنها واتای شتێك دەدات و دەبێتە نیشانە، بۆ نموونە واژەی 'دار' و 'دەرختەكە خۆی'، ئەمەش بۆ جیاكاریی و پۆلێنبەندی هێمایە لەلای پێرس (Martin & Ringham 2000: 128).




كەواتە، تریكۆتۆمی دووەم بەمشێوەیە ڕووندەكرێتەوە:

ئەلف. ئایكۆن/رووكەشی: هێماكە رووكەشی بابەتەكە دەنوێنێ و وەك قاوغێك دەبینرێت، لەم دۆخەدا هاویەكی و هاوشێوەیی لە شت و هێماكەیدا دەرەكییانەیە. ئەمجۆرە لە پەیوەندی بریتییە لە هاوپەیوەندیی ئاكتەكی، وەك دەنگ و شێوە و كاریگەرییەكانی، فۆتۆ و تابلۆ و پۆرترێتەكان. لێرەدا، دەشێ وەك كانت بڵێین كە 'شت بۆ ئێمە' وەك ئەوەی كە فێنۆمێنێكی بەرهەستییە شیاوی ئەوەیە لە ئایكۆندا بە هێما بكرێ. بۆ نموونە ئەو هەستەی بە پارچە موزیكێك دێتە ئاراوە كوالیساینە و جۆر و چۆنێتی كاریگەرییە هێماییەكان نیشاندەدات بەڵام بە پەیوەند بە موزیكەكە ئایكۆنی موزیكەكەیە، پۆرترێتی كەسێك سینسساینە و وەك تاكە هێمایەكی تایبەتمەند دەناسرێت و دەبێتە ئایكۆنی كەسەكە (Hêbert 2011: 194).

بێ. ئیندێكس/نیشاندەر: هێماكە وێنەی فاكتێك دەداتەوە وەك ئاگایی نەك وێنەی ئاكتێك كە دەبێتە نیشاندەرێك بۆ ئاگایی راڤەكارانە. بەمەش هێما فاكتییانە ئاماژە بۆ شتێك دەكات بە شێوەی (ئەگەر ... ئەوا ...) ئەگەر ئاگر بێت ئەوا دوكەڵی دەبێت، كەواتە دوكەڵ فاكتێكە كە هێما بۆ ئاكتی سووتان دەكات ( Hêbert: Online)، گڵۆپی سووری ترافیك فاكتێكە هێما بۆ ئاكتی وەستان دەكات، شوێن پێ فاكتێكە هێما بۆ كەسێك یا شتێك دەكات كە پێشتر بەو شوێنەدا تێپەڕیوە. بە گوتنێكی دیكە، ئەمجۆرە لە هێما پەیوەندی 'ئەگەر و ئەوا' و پابەندیی (ئیلزامی) شتەكان لە ئاكت و فاكتیاندا ڕووندەكاتەوە، واتا مەرج نییە یەكێكیان ببێت بە هۆكار و ئەویدیكە دەرەنجام، بەڵكو دوو ئاكت هەن، ئەگەر یەكەمیان ڕوویدات ئەوا ئەویدیكەیان دروستدەبێت (Short 2007: 219). واتا مەرج نییە لە پەیوەندی سەرەنجامی و وابەستەیی/ئیلزامی 'ئەگەر...ئەوا'دا پەیوەندییەكی هۆئەنجامی

هەمیشەیی هەبێت، بۆ نموونە رەنگی زەرد یان پرتەقاڵی لە ترافیك لایتدا هێمایە بۆ 'ئامادە بە بۆ وەستان' بەڵام ئـەم پەیوەندییە لە کات و شوێن و ئەرکی جیاوازی دیکەدا هەمیشە هەمان هۆوئەنجام نییە، وەك لـە شۆڕشـی پرتـەقاڵی و دادگا و بەندیخانەکاندا هێما و واتای جیاواز دەگەیەنێت. یان رەنگی سوور هەمیشە هێما نییە بۆ وەسـتان، بـەڵام لـە ترافیك لایتدا ناچار بە وەستانمان دەکات، لە کاتێکدا رەنگی سوور دەشێ هێما و واتا و سـیمبولی (شـۆڕش، خـوێن، ترسناکی، سنووردارییی، خۆشەویستی، گەرمی، هەڵچوون و هتد...) بێت.

هەروەها ئەگەر بابەت بە راستی کاریگەر بێت بەسـەر هێمـاوە ئـەوا پەیوەنـدی ئیندێکسـی دروسـتدەبێت، بـۆ نموونە ئامێری دیاریکردنی ئاراستەی 'با' یان با–نما (Weathervane) بە کاریگەری 'بـا' شـوێنەکەی دەگۆڕێـت. دەنگی لـەدەرگادان یـان زەنگی دەرگـا هێمـای سـەردانکردنە و زەنگی مۆبایـل پەیوەنـدیی کەسـێکە، نیشـانەکانی نەخۆشی ئیندێکسی نەخۆشیەکەن، لـە زمانەوانیشـدا جێناوەکـان و ئاوەڵناوەکـانی نیشـانە ئیندێکسـن (ئـەو، ئەمـە) (Hêbert 2011: 194). یاخود جیاوازیی جێندەریی لە جل و بەرگ و ستایلی قژ و پێڵاو و کاڵاکانی دیکە دەبنـە ئیندێکس بۆ رەگەز و توخمە مرۆییەکە کە داخۆ نێرە یان مێ، ئەمە بۆ زمانیش دروستە کاتێك دەڵێین پاپوچی ژنانـە و کڵاشی پیاوانە، چونکە رەگەزە جیاوازەکە کاڵایەکی جیاوازی خستۆتەوە کە دەبێت وەك هێمایەکی ئیندێکسی لێی تێبگەین.

جیم. سیمبوڵ/نیشانە: هێما دەبێتە سیمبوڵ ئەگەر ئاماژەی بۆ بابەتەکەی کرد بە فەزیلەتی نـەریت و یاسـا و رێککەوتن، رێساکانی سیمبوڵ دەشێ پێشینەیی (پێش ئـەزموونی) و پاشـینەیی (پـاش ئـەزموونی) بـن ( Hêbert 2011: 195). سیمبوڵ دەکەوێتە سـەر چـۆنێتی راڤـەکردن و تێگەیشـتن، وەك لـە رەفتـار و نـەریت و واتاکانیـان. هەروەها، دەشێ سروشتی یان کولتوریی، ئەبسـتراکت یـان لـۆژیکی بـن. بـۆ نموونـە: پیتـەکان، وشـەکان، هێماکـانی ترافیك، هێماکانی خاڵبەندیی. زۆر سیمبوڵ هەن کە کولتورییانـە و کۆمەڵایەتییانـە لەسـەریان رێکدەکـەوین، بەمـەش سیمبوڵ دەبێتە یاسایەك بۆ تێگەیشتنی هاوبەش (Short 2007: 221) هەروەك 'ئەسپ' کاتێك بە سـیمبوڵی هێـز و توانا و 'کۆتر' بە نیشانەی ئاشتی و 'خۆر' بە نیشانەی ئازادی دەناسـرێن. یـان وەك هونـەری کلاسـیکی و گریکـی و میسری کە 'هێگڵ' وەك هونەری سیمبوڵی وێنایکردووە. هاوکات، برِیـاری لـۆژیکی کـە دەربڕینێکـی زمـانیی تایبەتـە، بریتییە لە سیمبوڵ کاتێك هزری لۆژیکیی فەیلەسوف دەردەبڕێت وەك لای فریگە و رەسڵ و ڤیتگنشتاین.

ئەم وێنەیە ئایکۆن و ئیندێکس و سیمبوڵ لە هێمازانی جێندەریدا بۆ مرۆڤ ڕووندەکاتەوە



جیاوازی نێوان ئایكۆن و سیمبولٚ لە بەكارهێناندا بۆ جێندەری مرۆیی:



سێیەم: هەروەها بە گوێرەی تریكۆتۆمی سێهەم، پەیوەست بە 'راڤەكردن و تێگەیشتن'ەوە كە هێما كولتورییەكان دەگرێتەوە، دەتوانین بە هێما بڵێین: رێم (Rheme)، دیسیساین (Dicisign, Dicent) و ئارگیومێنت (Argument). ئەم تریكۆتۆمییە بریتییە لە راڤەكردن (تێگەیشتن و لێكدانەوە)، راڤەكردنی ریمەتیكی بونیادێكی یەكەمی هەیە، ریم بریتییە لە (وێناكردن) نە راستە و نە هەڵەیە بەڵكو یەكسانە بە جۆری حوكمە لۆژیكییە كاركردییەكان. بۆ نموونە بۆشایی ناو رستەیەك وەك (... سوورە) دەتوانین بە گوێرەی پێشبینی و وێناكردن وشەیەك بۆ بۆشاییەكە دابنێین. دیسیساین (راستاندن) پەیوەندی نێوان هەڵگر هەڵگیراو لە حوكم و بڕیاری لۆژیكیدا دیاریدەكات كە یان راستە یان هەڵە بۆ نموونە (گوڵەكە سوورە) هەروەها پەیوەندی هێما و بابەتەكە دەراستێنێ. هەروەها ئارگیومێنت (بەڵگە و پاساوی لۆژیكی) كە بەڵگە و دەلالەتی لۆژیكی دەردەخات، هەڵێنجان (لایتی سوور هەمیشە هێمای وەستانە) یان تێخوێندنەوە (دوكەڵ هێمای ئاگرە). یان لە نموونەی ئەبدەكشن (من دەچمە دوكانێك، لەسەر مێزێك مشتە فاسۆلیایەك هەیە و لە تەنیشتییەوە تورەكەیەك فاسۆلیا دانراوە، دەسبەجێ گریمانەی ئەوە دەكەم كە مشتە فاسۆلیاكە هی ناو تورەكەكەیە) كەواتە لە ئەبدەكشندا، (كە پێرس بە تایبەت پەرەی پێداوە و میتۆدێكی لۆژیكی لە بری دیدەكشن و ئیندەكشن) ئارگیومێنتی دەسبەجێ دروستدەكرێ لەسەر شێوەی گریمانەیی و بۆهاتنی دەستبەجێ و راستەوخۆ (Hêbert 2011: 195)

واتای هەر هێمایەك بە گوێرەی وێناكردنی شتەكەی و راڤەكردنەكەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ریم بریتییە لە تێرم كە وەك هێمایەك ئاماژەیە بۆ كارەكتەریی شتێك و یەكەم ئاستە، دیسیساین وەك بڕیارێكی لۆژیكییە و هێمایە بۆ فاكتێك و ئاستی دووەمە، هەروەها ئارگیومێنت هێمای شتێكە وەك نەریت و یاسا و ئاستی سێهەمە.

لە پۆلێنی سەرەوەی هێماكان و هێماێنراوەكاندا دەگەین بە سێ پێناسەی جیاوازی هێما بە گوێرەی ئەركەكانیان. یەكەم، هێما زمانی هزرە، چونكە لای پێرس هزر تەنها بە رێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتن و دەربڕینە" دووەم، هێما نێوەندێكە لە نێوان هزر و شتدا، چونكە هەردووكیان بە رێگەی هێماوە پێكدەگەن" سێیەم، هێما سیمبولی شتە، چونكە بۆ ناسینەوە و راڤەكاریی و تێگەیشتنیی شتەكان پێویستمان بە هێماكانە، هێماكانیش مامەڵە لەگەڵ بابەتە فاكتەكی و كۆمەڵایەتییەكان دەكەن و وەك ئاكت لەگەڵیاندا رۆڵدەگێڕن.

هێما بۆ پێرس، هەمیشە لە دۆخی سێپاژییدا شیاوی گرتن و راڤەكردنە" هێما (واژەی یەكەم) كە لە بەرامبەر شت (واژەی دووەم) ێكدایە، ئەویش راڤە و واتا و تێگەیشتن یان وێنا (واژەی سێهەم) ێكی هەیە.

وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە (کە پەیوەندی سێپاژیی هێما ڕووندەکاتەوە):




هێڵکاریی سێ تریکۆتۆمییەکان:

| هەر هێمایەك بریتییە لە: | | | |
|---|---|---|---|
| یەکەمێتی | کوالیساین/جۆرێما/هێمای تایبەتمەند | سینساین/تاکێما/هێمای بوون | لێجیساین/یاسێما/هێمای یاسا |
| دووەمێتی | ئایکۆن/ڕووکەش | ئیندێکس/نیشاندەر | سیمبوڵ/نیشانە |
| سێهەمێتی | ڕیم/ هێمانێر/وێناکردن | دیسیساین/هێمای هەواڵدەر/ڕاستاندن | ئارگیومێنت/بەلگەی لۆژیکی |

(ئەم هێڵکارییەی خوارەوە کاتیگۆرییەکانی هێمازانی ڕووندەکاتەوە)

| زەمینە<br>١ | پرۆسە<br>٢ | هێمایی<br>٣ |
|---|---|---|
| ئایکۆن (کواڵیتی) | هێما | یەکەمێتی |
| ئیندێکس (شت خۆی) | شت | دووەمێتی |
| سیمبوڵ (یاسا و نەریت) | ڕاڤەکاریی | سێیەمێتی |

نموونەی هێما و ئاماژەکانی (ینظر للمزید: أورو و آخرون ٢٠١٢: ٢٠٠)

| | | ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هێما کە گوزارشت لە خۆی دەکات | ئاماژەی جۆریی/کوالیساین تایبەتمەندی دەبێتە ئاماژە | ئاماژەی بینراو/سینساین دۆخێکی راستەقینەی هەنووکەییە و دەبێتە ئاماژە | ئاماژەی یاسایی/لێجیساین یاسا دەبێتە ئاماژە |
| ٢ | هێما کە گوزارشت لە بابەتێك دەکات | ئایکۆن کە گوزارشتە لە تایبەتمەندی بابەتێك، جا ئەگەر لە ئارادا بێت یان نا | ئیندێکس/نیشاندەر گوزارشتە لە بابەتێك کە پەیوەندی کردەیی لەگەڵیدا هەبێت | سیمبوڵ/نیشانە کە گوزارشت لە بابەتەکەی دەکات بە رێگەی یاسایەکەوە کە پەیوەستە بە بیرۆکە گشتییەکانەوە |
| ٣ | هێما کە گوزارشت لە تێگەیشتن و راڤەکردنی وەرگر بکات | ریم کە هێما-نێردێکی تاکێنراوە و تەنها جۆرێك لە جۆرەکانی بابەتێك دەنوێنێ و راڤە و تێگەیشتنی هەیە | دیسیساین/ئاماژەی هەواڵدەریی و راستاندنە کە راڤە و تێگەیشتنی لە نواندنی هەبوویەکی هەنووکەییدا هەیە | ئارگیومێنت/ بەڵگە و پاساوی لۆژیکی کە راڤە و تێگەیشتنی لە نواندنی پاساوە هەیە، بە گوێرەی میتۆدە لۆژیکییەکان |

هەرچۆنێك بێت، پێرس هەوڵیدا سێ رەهەند بۆ هێماکان یان رەهەندی سێهەمی هێما دیارییکات، هاوکات شرۆڤەی هێماکان بکات و فەلسەفەیەکی هاوشێوەی فەلسەفەی شرۆڤەیی بنیات بنێت. فەلسەفەی زمانیش بە میتۆدی پێرس دەکەوێتە ئەودیوی گوتن و دەکەوێتە چێوەی تیۆری هێماوە، زمان نموونەیەکی سەرەکییە بۆ سیمبوڵ وەك جێناوەکان کاتێك کەس و شتەکان بە سیمبوڵ دەکات و (ئەو) دەکاتە نیشانە بۆ کەسەکە (ئازاد). یان دەشێت زمان وەك ئایکۆن تێبگەین وەك کێشانی تابلۆیەك یان کتێبێکی وێنەدار. لێرەوە دوو ئەرکی زمان دەبینین: وێناکردن و واتادان، ئەمەش بە تایبەت لە لۆژیکی زماندا شیاوی تێگەیشتنە.

زمان دەکرێ بۆ دوو جیهان بەشبکرێت: ناوەکی (واتا) و دەرەکی (وشە)، هەروەها زمان وەك بوونێکی زیندوو تەنها بۆ سوودی دەرەکی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکانی دیکەی بەسوود نییە، بەڵکو سوودی بۆ خۆیشی هەیە، بۆ نموونە 'چەکوش' تەنها سوودی دەرەکی هەیە و لە میانەی کار و بەکارهێناندا هیچ سوودێك بە خۆی ناگەیەنێت، بەڵام زمان وەها نییە. چەکوش هیچ سودێکی بۆ خۆی نییە، زمان هەمیشە خۆی گەشەپێدەدات و دەبێتە رایەڵی پەیوەندیی و ئەرکی دیکەش وەردەگرێت.

پێرس رۆڵی ئایکۆنەکان بەرز دەنرخێنێت لە زمانی لۆژیکی و زانستیدا (Hookway 1985: 134). لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی هێمازانان بڕوایان وابوو کە زمان سیستەمێکی هێماییە، بەڵام پێرس بڕوای جیاواز بوو. نەك تەنها ئایکۆن بەڵکو هەموو هێماکان بۆ زمان بەسوودن و زمانیش دەکارێ تا هێمای جیاواز بۆ شتەکان بخاتەوە. ئەرکێکی گرنگی دیکەی هێمازانی بۆ زمان بریتییە لە وێنەکێشانی هزر. بۆ نموونە رستە و وشەکان

هێمان بۆ واتای شتەکان و مەبەست و ئاکتەکان. هێماکان هەڵگری واتاکانن. کورتکراوەکان هێمای وشە و دەستەواژە و ناوەکانن بۆ نموونە AIDS و MA و UK و UN. هەروەها پیتەکان هێمای دەنگەکانن و بەمەش دەشێ زمان وەك سیستەمێکی هێمایی پێناسە بکرێت.

دەشێ هێماکان بۆ مرۆیی و سروشتی دابەشبکەین، یان بۆ هێمای ئیرادی و نائیرادی: هێما سروشتییەکان ئەوانەن کە سروشت بەرهەمیان دێنێت و سروشتین و مرۆڤ رۆڵ لە دروستبوونیاندا ناگێڕێت، وەك هەورەبروسکە و هەورەگرمە، دەنگی نمەی باران، خشپەی گەڵاکان، جوڵەی هەورەکان، شەپۆل، شێوەی مانگ و ئەستێرە، تام و بۆن و رەنگ. یان ئەوەی کە هەستەوەری هەندێ گیاندار هێماکان دەناسنەوە، ئەم هێمایانە دەبنە پێشبینی بەر لە رووداني هەر رووداوێك، وەك ئەوەی کە مارێك نیشانەکانی بومەلەرزە بناسێتەوە، یان راوچی و نێچیر هێماکانی یەکتر بناسنەوە. هەروەها هێما مرۆیی و دەستکردەکان کە مرۆڤ بەرهەمیان دێنێت وەك دەنگی زەنگ و فیکە، بۆنی عەتر و تامی خواردن، ئاراستەی میلی کاتژمێر. لە لایەکی دیکەوە دەشێ هێما بۆ سادە و ئاڵۆز دابەشبکەین: هێماکانی سڵاوکردن و هاتوچۆ سادەن، لە کاتێکدا زمان هێمایەکی ئاڵۆزە و لە دەنگ و پیت و وشە و رستە و گرامەر و بەشەکانی ئاخاوتن و واتا و هتد... پێکهاتووە.

جیاواز لە پێرس، دەکرێ هێمای ئیرادی و نائیرادی دیاریبکەین، بە جۆرێك کە هێما ئیرادییەکان لە دەرەوەی هۆش و توانستی ئێمەدان، بۆ نموونە هۆڕنی ئۆتۆمبێل و هێماکانی هاتوچۆ، پەیکەر و وێنەکێشان ئیرادین، لە کاتێکدا ئاووهەوا و سروشت نائیرادین، یان دەنگی کۆخە و سپی بوونی مووەکانی و گۆڕانی شێوەی نائیرادین. دەشێ هزری ئێمە هەموو هێماکان بزانێ و بناسێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو هێماکان دروستکراوی هزریی و هۆشەکی ئێمە بن.

### ٣. رۆڵی هێماکان لە زانیندا

یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە بریتییە لە زانین و پەیوەندی نێوان شت و هزر. وەك ئەوەی زانین بۆ 'ئەرستۆ' لە ریالێتییەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام بۆ 'کانت' لە هۆشەوە. بەڵام پێرس ویستی دیدی تایبەت بە خۆی لەوبارەیەوە بخاتەوە. بۆ پێرس، ریالێتی لە شتەکان پێکهاتووە جا ئەگەر ئێمە بیریان لێبکەینەوە یان نا، ئێمەش بە ئاگاییەوە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەزموونی ریالێتی دەکەین. لێرەدا، پێرس لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆ و ریالیستیدا یەکدەگرێتەوە. بەڵام پەیوەندی ئێمە بە شتەکانەوە لەسەر ئایدیا و هزرۆکەکانمان وەستاوە، جا ئەگەر ئایدیاکان بژاردەی خۆمان بن، یان ئەزموونی بن، یان نەریتی و مەبەستگەرایانە بن. بژاردەی سروشتی بۆ زانین دیدێکی کانتیانە لای پێرس دروستدەکات، کە هۆش وەك بنیاتنەر و رێکخەری زانین دادەنێت. کەواتە پێرس وەك کۆکار و لێکدەری نێوان 'ئەرستۆ' و 'کانت' دادەنرێت (Urmson & Ree 1991: 228).

وەك چۆن 'ئەرستۆ' لە پەیوەندی نێوان ئەزموونی خودی راستەوخۆ و شتەکاندا پۆلێنی بابەتییانەی بۆ ریالێتی کرد، پۆلێنەکەشی ناونا کاتیگۆریەکان. پێرسیش هەوڵی پۆلێنکردنی لایەنە سەرەکییەکانی ریالێتی داوە بە رێگەی کاتیگۆرییەکانەوە بەڵام جیاوازتر لە 'ئەرستۆ'. پێرس بە رێگەی ئەزموون و دەرککردنی راستەوخۆوە سێ کاتیگۆری دیاریدەکات، دواتریش دەیانکات بە بنەمای تیۆری زانست و جۆرێك لە 'فینۆمینۆلۆژی' دادەڕێژێت بۆ راڤەی دیاردەکان و لەویشەوە دەگات بە 'هێمازانیی': یەکەمێتی، دووەمێتی، سێیەمێتی.

'یەکەمێتی' کە بە شێوەی هەستەکی و ئیدراك شیاوی تێگەیشتنە وەك نۆتەیەکی میوزیك یان هەستکردن بە رەنگێك (پال کابلی و دیگران ١٣٩١: ٢٩) کەواتە بریتییە لە دەرکەوتن و دیارداني شت لەخۆوە (شت وەك خۆی)،

ئینجا چۆن فێنۆمێنەکان بۆ ئێمە دیاردەدەن (شت بۆ ئێمە)، هەروەها چۆن لە ژیان و سروشتدا شتەکان لە گەشە و گۆڕاندان و سەرجەمیان وەك یەکەیەکی دانەبڕاو دەردەکەون. 'دووەمێتی' ئاماژەیە بۆ بنەمای دوانەیی ئەزموون، کە خود گریمانەی بوونێکی دەرەکی دەکات وەك ئەوەی دەست بۆ دەسکی دەرگاکە دەبەین تا بە کردەکی دایخەین، بەمەش هەست بەوە دەکەین جیهان بریتییە لە پەیوەندی. 'سێیەمێتی' کە پێرس ناویناوە 'قانون' گوزارشتە لە سەرجەم یاساکان و لە هەموویان گرنگترە، چونکە گەر دووەمێتی لە ماتریالیدا شیاوی تێگەیشتن بێت ئەوا سێیەمێتی ئاماژە بۆ بەردەوامێتی دەکات بە تایبەت لە زەین و هزردا (کامل ١٩٩٣: ١٠٢). هاوکات سێیەمێتی، یەکەمێتی بە دووەمێتییەوە پەیوەست دەکات، وەك چۆن لە پێداندا (ئەلف) (بێ) بە (جێ) دەدات و پەیوەندییەکی سیانەیی چێدەکات، وەك ئەوەی پیانۆژەنێك بە ڕێگەی پەنجە و پیانۆوە ئاواز و نۆتەیەك دەگەیەنێتە هەست و هۆشی گوێگرێك (پال کابلی و دیگران ١٣٩١: ٣٠). ئەم سێ کاتیگۆریە رووەو میتافیزیکی پێرس ئاراستە وەردەگرن.

هێما رۆڵێکی گرنگ لە 'تیۆری واتا' لای پێرس دەگێڕێت، کە بە 'فێرگەی پراگماتیی واتا' ناودەبرێت، کە لەو فێرگەیەدا رەفتار بەرامبەر واژە و گوزارەکانە (علی ١٩٩٥: ٥٣). بۆ پێرس، پرۆسەی گواستنەوەی واتا لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە تەنها بە ڕێگەی هێماوە دەبێت (Peirce 1931: CP 1.444) بێگومان تیۆری واتا لای پێرس پەیوەستە بە تیۆری هێماوە، چونکە هێماکان واتابەخشن، ئەویش بە ڕێگەی پەیوەندی نێوان هێما و بابەتەکەی. سێمیۆتیك توێژینەوەیە لە واتا و کارکردی هێماکان، واتاش زانین دەگەیەنێت و دەبێتە تێگەیشتن، کەواتە هێمازانی وەك زانست کاراییەکەی لە بەرهەمهێنانی زانیندایە، چونکە هێما بریتییە لە تێگەیشتن، هەروەها لە پرۆسەی بە هێما-کردنەوە هزر دەگات بە زانین و ناسینی فێنۆمێنەکان، بەمەش دوای پرۆسەکە دەتوانرێت واتا بە بابەتێك بدرێت.

پێرس سێ جۆری راڤە و تێگەیشتنی هێماکان دیاریدەکات: راڤەیی ئایکۆنی کە هەستمەندانەیە و یەکەمێتییە، راڤەیی ئیندێکسی کە وزەمەندانەیە و نێویەکییە، راڤەیی زەینی یان لۆژیکیی کە پەیوەستە بە واتاوە، بە تایبەت لە هێما زمانەوانییەکاندا. ئەم هێمایانە لە نێوکۆیی و نێوپەیوەندییانەوە هزر بەرهەمدێنن. تەنها هزرێك توانستی ناسین و زانینی هەبێت ئەوا لە هێماکانەوەیە، هەر هزرێکیش نەناسرێت ئەوا هزر نییە، لێرەوە، بە زەرورەت پێویستە هزر لە هێمادا بێت (Dewey 1946: 92).

لەمەوە پێرس دەڵێت "هەر هزرێك بریتییە لە هێما" (Peirce 1931: CP 1.538). یاسای هزر لای پێرس بە هۆی هێماوە کاردەکات و جێگەی خۆی دەگرێت و هەر هێماش دەتوانێت گرفتی حەقیقەت چارە بکات (Peirce 1931: CP 1.444).

لە راستیدا، ناسنامەیەك لە گیرفانی کەسێکدا، هێمایەکی شوناسییە، کە دەشێت زانین و زانیاری زۆر لەبارەی تایبەتمەندی و جیاوازییەکان و کەسایەتی ئەو کەسە ئاماژە پێ بکات، ئەم ناسنامەیە هەڵگرتنی زانینە، گوتنی زانیاریی و زمانێکە بۆ راگەیاندنی کەسایەتی. کەواتە ناسنامە و هاوڵاتیبوون دەکەونە ناو سیستمێکی هێمایی. لە ئەفسانە و ئایین و ئەدەبیاتیشدا بۆ نموونە لە 'ئەفسانەی سیزیف'دا بەردێك دەبێتە هێمایەك بۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ژیان و مەحکومبوون، لە 'کۆشك - کافکا' دا کۆشك بۆخۆی هێمایەکی فرە رەهەندی سیمبولی و میتافیزیکییە، لە 'چاوەکانی - بوزورگی عەلەوی'دا تابلۆی چاوەکانی لە ئایکۆن و تابلۆیەکی سادەوە دەبێتە هێمایەکی ئاڵۆز بۆ چیرۆکێکی عاشقانەی درێژ. کەواتە، دەشێت راڤە و شرۆڤەی هێماکان، یان چڕکردنەوەی سیستمێکی ئاڵۆز و فرە

رەهەند لە فۆرمی هێمابیدا شاکاری مەزن بئافرێنێت، ئەمە بۆ 'کۆمار – پلاتۆ'یش دروستە، کاتێك سیستمێکی ئایدیاڵ و ئاڵۆزی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و پەروەردەیی لە ژێر هێمای 'کۆمار'دا گفتوگۆ بکات.

ئەمڕۆ بابەتە جیاوازەکان بە ڕێگەی هێماوە فۆرمیان وەرگرتووە، زانستەکان بە ئاسانی لێکدی جیابوونەتەوە، هەر یەکەیان زمان و ڕێسا و هێمای خۆی هەیە. ئەگەر ئێمە توانستی هزرینمان نەبێت لە دەرەوەی هێماکان، ئەوا پرۆسەی هزرین دروست نابێت و زانست و زانین نابن، چونکە زانین دەرککردنی هێماییە. بەمەش، ڕۆڵی هێماکان لە پرۆسەی زانین و دەرککردندا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا نێو هێماکاندا دەژین و دەهزرێین.

### تەوەری سێیەم: هێمازانی لە نێوان لۆژیك و زانستدا

#### ١. لۆژیك و هێما

پێرس پراگماتیزمی وەك پرەنسیپێکی لۆژیك دیاریکرد. هەروەها کاری مەزنی لە توێژینەوەی لۆژیکدا ئەنجامداوە، پێش مردنی خۆی کتێبی 'توێژینەوەکان لە بارەی لۆژیکەوە– ١٨٨٣'ی بڵاوکردەوە و دوای مردنیشی کتێبی 'لۆژیکی مەزن'ی بڵاوکرایەوە (کرم: ٤١٧). بۆ پێرس، پراگماتیزم بریتی بوو لە ناوێکی نوێ بۆ میتۆدێکی لۆژیکی، میتۆدێکی دڵنیایی لە واتاکانی وشە فیزیکی و کۆنسێپتە ئەبستراکتەکان (پەتییەکان)، میتۆدێك بۆ دیاریکردنی واتای کۆنسێپتە زەینییەکان، هاوکات بۆ ڕوونکردنەوە یان لە هەندێ حاڵەتدا بۆ کۆتایی پێهێنانی بێواتایی پرسی مێتافیزیکی نەریتی (ترادسیۆنی) (Gallie 1952: 11). هەروەها بۆ پێرس، لۆژیك بریتییە لە بنەما بۆ توێژینەوە و کاری زانستی.

دەسپێکی توێژینەوەکانی پێرس لەبارەی لۆژیکەوە، بۆ کاریگەری کارەکانی 'بول' دەگەڕێتەوە لە بواری جەبردا، کە پێرس توانی گۆڕانکاریی تێدا بکات و زیادەی بخاتە سەر. لێرەوە، پێرس بنەمایەکی تازەی بۆ لۆژیك دانا، کە بریتی بوو لە جەبر، ئەمەشی لە گوتارێك 'زانستی جەبر بۆ لۆژیك–١٨٨٥'. ئەمەش نزیکەی هاوکات بوو لەگەڵ هەمان کار کە 'گۆتلۆب فریگە' ئەنجامیدا. بەمەش لۆژیك لە دوالیزمی ڕاست و هەڵە یان ڕەهەندی دوانییەوە بەرەو سێ ڕەهەندی و ئەگەری سێیەم گوازرایەوە، کە جگە لە ڕاست و هەڵە لایەنێکی دیکە، کە بریتییە لە گریمانە یان شیمانە، بوونی هەیە. واتا لۆژیکی دوو بەهایی ڕووەو لۆژیکی سێ بەهایی وەرگۆڕا، کاتێك حەقیقەت جگە لە بەهای دروست و نادروست دەشێ بەهایەکی دیکەی شیمانەیی هەبێت، ئەمەش دواتر بە 'لۆژیکی سێپاژیی' ناونرا (جیرار ٢٠٠٩: ٢١٥).

بە گوێرەی نووسینەکانی، فەلسەفەکەی پێرس بۆ دوو قۆناخ دابەشدەبێت: سەرەتا و دواتر. لۆژیکیش بۆ ئەو دوو واتای بەرتەسك و فراوان دەدات. لەلای پێرسی سەرەتا لۆژیك لە واتا بەرتەسکەکەیدا دەگیرێت وەك لۆژیکی کۆن یان فۆرماڵ کە بڕیار لە هەڵگر و هەڵگیراو پێکهاتووە و هەردووکیان هێمان، بەڵام لە واتا فراوانەکەیدا لە نووسینەکانی پێرسی دواتردا دەردەکەوێت، ئەویش "لۆژیك شتێکی دیکە نییە جگە لە تیۆرێکی گشتی بۆ هێماکان" (Buchler 1939: 180). هەڵگر/سەبژێکت لە بڕیاردا بریتی نییە لە ناوی ناسراو یان تاکە هێمایەك بەڵکو لێجیسانێکە ئاوەڵایە بۆ تێگەیشتن و ئیندێکسە لە کاتێکدا هەڵگیراو/پرێدیکات ئایکۆنییە. دواتر، سیمیۆتیك یەکسان دەکات بە لۆژیك و وەك تیۆری هێماکان پێناسەی دەکات و دەبێژێت "لۆژیك ناوێکی دیکەیە بۆ سیمیۆتیك (Buchler 1939: 98). هەروەها سیمیۆتیکیش بریتییە لە تیۆریی فۆرمالیستی بۆ هێماکان و فەزایەکی فراوانی لە کاربرد و کارکردا

هەیە لە ژیانماندا (ئەسوەد ٢٠١٥: ٣٠٤). ئەمەش جۆرێکە لە ئەزموونگەریی ڕۆژانە کە مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموون خەیاڵ بکات و ڕاستی و هەڵە هەڵاوێر بکات، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە هێما و لۆژیك دەبێت، بە جۆرێك هێماکان بە شێوەی لۆژیکی شێوەکی بەکاردەهێنرێن و لە هۆشدا هێماکان هێڵکاریی و وێنەی شێوەکی و ڕووخسارەکی دەبەخشن و دواتر دەخرێنە نێو چالاکی و دەربڕینە جیاوازەکانی مرۆڤەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

لۆژیك بۆ پێرس بەشێکە لە فەزای گشتی گەڕان بە دوای حەقیقەتدا لە ڕێگەی تیۆری هێماکانەوە. ئەو سیستەمێکی خشتەی لۆژیکی داهێنا 'نەخشەی ئەزموونەکی یان هەبووەکی' کە لەسەر بڕیارە ئەزموونییەکان وەستاوە، بە جیاوازی نێوان بڕیار و سەلماندن لە فەلسەفە زمانییەکەیدا، هاوکات لۆژیکی بڕیاریی بۆ ئەو وەك ژمێرەی دروستە–بەها وایە "لۆژیك... سەرجەمی بریتییە، لەوانەیە یەکێك بڵێت زۆربەی، وردیی و کت و متی لە هزردا" (Buchler 1939: 181).

پێرس لە لۆژیکدا خاوەن میتۆدی تایبەتی 'ئەبدەکشن'ە، کە جیاوازە لە 'ئیندەکشن و دیدەکشن'. لە کانتەوە ئەبدەکشنی وەرگرتووە، بەڵام گۆڕانی پێداوە و جەختی لەسەر دەرەنجامە کردەییەکانی کردۆتەوە، لە کاتێکدا کانت جەختی لەسەر لایەنی ژیریی و تێگەیشتن دەکردەوە (محمد پور ٢٠١٣: ١٣٢). بەڵام میتۆدی ئەبدەکشنی پێرس زیاتر لەسەر بنەمای بەڵگەی زانستی و زانینی ڕاستەوخۆی نێو جیهان و ژیانی ڕۆژانە ڕۆنراوە.

سێمیۆتیکی پێرس دوو میکانیزمی لەخۆگرتووە: پەیوەندی هێمایی و پۆلێنی هێماکان. پەیوەندی هێمایی بریتییە لە پەیوەندیەکی سێپاژیی و هێماکانیش دەرخەری شتەکانن بۆ هۆش. هاوکات، سێمیۆتیك تەنها لە هێما–شت و هێما– هۆش پێکنەهاتووە، چونکە ئەم پەیوەندیانە زەرورەتی مەبەستەکییانەی یەکێتی نێوان هۆش و شت یەکالا ناکەنەوە، چونکە پەیوەندیەکە هێما ناهێنێتە نێو هۆش و هۆش هێما وەرناگرێت، بەڵکو مەبەستەکییانە یەکێتییەکی نێوان هۆش و شت دروست دەکات (Audi 1999: 832-33).

پێرس لۆژیك و سێمیۆتیك بە هەمان بابەت دەزانێت، ئەمەش واپێدەچێت کە هەوڵێك بێت بۆ لێکدانی پلاتۆ و ئەرستۆ. پلاتۆ، هۆشی وەك کۆگەیەك بۆ هزرۆکەکان (ئیدێکان) داناوە، کە دەروون پێش ژیانی ئەزموونیی نێو لەش وەریگرتوون. پێرس، هۆش وەك کۆگەی هێماکان دادەنێت لەسەر بنەمای لۆژیکی فۆرماڵی ئەرستۆیی. پێرس، هێما (کە لە بەرامبەر شتێکدا وەستاوە (Peirce 1931: CP 1.538) وەك وێنەی شتێك لە ڕیالێتییەوە وەردەگرێت. لەمەوە، هۆش دەتوانێ شتەکان بە ڕێگەی وێنە هێماییە هەڵگیراوەکانەوە بناسێتەوە. بەمەش دەشێت بڵێین، کە پێرس هزرۆکە میتافیزیکییە پلاتۆنییەکان دەگۆڕێت بۆ هێما ئەزموونییەکان بە ڕێگەی سێمیۆتیك یان جۆرێکی لۆژیك. کەواتە، لۆژیکی فۆرمالی ئەرستۆ و 'تیۆری یادهێنانەوە'ی پلاتۆی بۆ هێما گۆڕیوە و پێیوایە کە لۆژیك و سێمیۆتیك هەمان شتن.

بە دیدی پێرس لۆژیك سێ بەشە و لە بنەڕەتیشدا لەسەر سێمیۆتیك بنیاتنراون، ئەوانیش ڕێسای ڕامان کە لە پەیوەندی نێوان هێما و هێماێنراوی پەتی دەتوێژێتەوە، لۆژیکی ڕەخنەیی کە لە پەیوەندی نێوان هێما و بابەتەکەی دەتوێژێتەوە، هەروەها ڕەوانبێژیی پەتی لە پەیوەندی نێوان هێماکان و لێکدانەوەکانیان دەتوێژێتەوە. کەواتە لۆژیك و هێمازانی لێکدی جیاناکرێنەوە، تەنانەت بە بڕوای پێرس 'لۆژیك تیۆری ناچارەکی و تەنانەت دڵنیاکەرەوەی هێماکانە' و وەك دوو ڕووی هەمان دراو دەردەکەون (المرهج ٢٠٠٨: ٩٦).

### ٢. هێما لە توێژینەوەی زانستیدا

پراگماتیزم فەلسەفەیەکە جەخت لەسەر کاری زانستی و توێژینەوە دەکاتەوە، فەیلەسوفەکانیشی لە بوارە زانستییەکاندا بەرهەمیان هەیە، پێرسیش میتۆدی زانستی لە پراگماتیزم جیاناکاتەوە، بەڵکو پراگماتیزم بە فەلسەفەی زانستی دادەنێت. هاوکات لۆژیک وەك میتۆدی میتۆدەکان، بە ئامرازێکی گرنگی توێژینەوەی زانستی دادەنێت (المرهج ٢٠٠٨: ٧٢). کەواتە زانست کە پێگەیەکی باڵای لە هێمازانییەکەی پێرسدا هەیە، هۆکارێکی دیکەیە تا لۆژیك و سیمیۆتیك بە یەك دابنێت. ئەمەش بۆ دۆزینەوەی میتۆدێکی نوێ بۆ زانست، بەمجۆرە، سیمیۆتیك دەبێتە ئامرازێکی لۆژیکی بۆ نیشاندانی قەناعەتێکی زانستی کە دەشێ زانست و مەعریفەی زانست لەسەر بنەمای هێماکان بونیاد بنرێت. لەبەرئەوە، پێرس زانستی وەك پرۆسەی راڤەکاریی هێماکان پێناسەکردووە. بە بڕوای پرۆفیسۆر هوکوەی، مەبەستی پێرس لەمکارەدا: فێربوون لە ئەزموونەوە زیاتر لە تێگەیشتنی کۆتایی و بڕیارەکان نزیکمان دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگەی زانستیدا رەنگیداوەتەوە (Hookway 1985: 139).

کەواتە، بە تێگەیشتنی ئێمە، پێرس هەوڵیداوە تا خاڵی سەرەتا لە لۆژیکەوە دیاریبکات رووەو زانست و هەموو لقەکانی فەلسەفە و پەرینەوە لە تیۆرەوە بەرەو کردار. زانستیش هەروەك لۆژیك لە کۆمەڵێك بڕیار سەبارەت بە سیستەمێکی یاسا سروشتییەکان پێکهاتووە لەسەر زەمینەی هۆئەنجامێتی (Feibleman 1946: 321). لێرەوە پێشنیاری 'لۆژیکی توێژینەوە زانستییەکان' دەکات و میتۆدی لۆژیکییانە بۆ زانست جێگیر دەکات. لەمەوە، دەشێت بڵێین، کە زانست لەسەر لۆژیك دامەزراوە، لە کاتێکدا لۆژیك لەسەر فەلسەفە یان میتافیزیك بنیات نەنراوە.

پێرس لە سیستمە هێماییەکەیدا، زانست یەکسان دەکات بە زانین، چونکە زانینی پێرس زانینێکی زانستییە (Peirce 1931: CP 1.8). هەروەها بەهای زانین لە مەبەستی زانستیدا دەبینێت ( Peirce 1931: CP 1.122). لەکاتێکدا لە پێشتر روونمان کردەوە کە هزر و زانینمان لەسەر هێما وەستاوە، لێرەوە، بە تێگەیشتنی ئێمە، زانستی نوێ و تەکنۆلۆژی، کە بە رێگەی هێماکانەوە کاردەکەن، بایەخی هێماکان دەسەلمێنن لە توێکارییە پزیشکی و پشکنینە پۆلیسییەکان بۆ ئاشکراکردنی درۆ، شوێنی ئامانج و دۆزینەوەی تاوانبار دوای تاوان. بۆ نموونە: دەست و خەت، پەنجەمۆر، خانەی لەش، خوێن، تاڵە موو یان هەر هێمایەکی دیکە کە دوای تاوان جێدەمێنن. هەروەها، هێما بەشێك لە کارەکتەری کەسایەتی لەخۆدا هەڵدەگرێت و دەبێتە وێنەیەکی بچووکی کەسەکە، وەك لە نموونەی 'واژۆ'دا کە کەسایەتی کەسەکە هەڵدەگرێت کاتێك لەبەردەم یاسا یان گرێبەست یان هەرکردەیەك کە ئەنجامی دەدات بە واژۆوە، بەمەش واژۆکەی وەك ئایکۆنێك و راڤەی هێمایی بریتییە لە کەسەکە.

زانست لەسەر دوو بنەما وەستاوە: ماتماتیك و فینۆمینۆلۆژی. میتۆدی زانست لای پێرس میتۆدێکی ئەزموونی و لۆژیکییە، لەسەر ئارگیومێنتەکان وەستاوە بە تایبەت لە زانستە سروشتییەکاندا. پێرس پێیوابوو مادام ئەم میتۆدە لە زانستدا پێشڤەچوونی بەرچاوی ناوە و سوودی کردەیی لە ماتماتیك وەرگرتووە، ئەوا پێویستە فەلسەفەش لەسەر هەمان میتۆد کاربکات و سوود لە فینۆمینۆلۆژی وەربگرێت. پێرس پێیوابوو کە زاراوەکانی زانست تەنها واتایەکیان هەیە کە مەزنی و فراوانی وابەستەییان بە رووداوە واقیعی و ئەزموونییەکان دەربخەن. ئەو بەرگری لە بنەما تیۆرییەکان دەکرد وەك دەرەنجامی لۆژیکی لە زانستدا، واتا ئەو بنەمایانەی دەرەنجامی توێژینەوەی زانستی و ئەزموونین، وەك پێناسەکان لە ئەنجامی ئیدراکەوە، نەك فەلسەفەی کۆنی پشتبەستوو بە پێشگریمانە و پێشئەزموون (Solomon & Higgins 1996: ٢٥٩). ئەو، کردار بە بنەما دادەنێت نەك بڕیارە پێشوەختەکانی ئەقڵ، هەر بۆیە دەبێژێت وێناکردنمان بۆ هەر بابەتێك ئەو وێناکردنەیە کە دەرەنجامی لێکەوتە کردارییەکانە نەك

زیاتر" ئەمەش واتا حەقیقەت پێوەرکانی بریتین لە کردار نەك ئەقلّ و کرداریش بریتییە لە پنت و پرەنسیپی رەها، جا هەر جۆرێکی کردار بێت، لەمەوە ڕێبازی کردارەکی دەخاتەوە کە لەسەر ئەزموونی رەها وەستاوە و بە ئەزموونی رادیکالّی ناسراوە (کرم: ٤١٧–٤١٨). ئەزموونێك کە لەسەر تاقیکردنەوەی بەردەوام وەستاوە، بە جۆرێك ئەگەر هەڵەش هەبێت دەبێت تاقیکردنەوە بەردەوام بێت، واتا پێرس هەولّ و هەڵە لە ئەزموونـدا بە ئاسایی دەبینێت. لەکۆتاییدا، پێرس میتۆدی ئەزموونی لە پراگماتیزمدا بە گرنگ دەبینێت بۆ سەرجەم زانستەکان.

لای پێرس بنەماکانی لۆژیك پێویستە یاسا پێشینەییەکانی هزر بن و هزریش تەنها دەشێ بە ڕێگەی هێماوە دەربڕدرێ. هەروەها، دەشێ بڵێین لۆژیك هزرینمان ڕێکدەخات کە بیر لە چی بکەینەوە و پێویستە چۆن بیربکەینەوە تا بە دروستی بهزرێین. هەموو لقەکانی فەلسەفە لەسەر لۆژیك بیناکراوە بۆ دۆزینەوەی میتۆدێکی نوێی فەلسەفاندن و هزرین. ئەم لۆژیکەش لە تێگەیشتنە گشتییەکەیدا بریتییە لە هێمازانی تا تێگەیشتنی هاوبەش دروستبکات و زانستیش ئەو تێگەیشتنە گشتییە بێت، بەمەش لۆژیك لە گشتییدا بریتییە لە زانستی هێماکان و دەشێ وەك لۆژیکی هێمایی بناسرێت.

لە کۆتاییدا، دەگەین بە بایەخ و گرنگی هێماکان و ئەرکەزانستییەکانی. بزووتنەوەی زانستیش کە دەوەستێتە سەر هێماکان ڕۆڵی گەورە و چالاکی لە هەر کولتورێکدا هەیە. فەلسەفە و تێگە هێماییەکانی پێرس زۆر بە بایەخن بە تایبەت کاتێك هزرین و هێما یەکسان دەکات و هەر شتێکیش وەك هێما تێدەگات، هەروەها کاتێك رەهەندی سێهەمی هێمای شرۆڤە و راڤە کرد و پەیوەندییە فراوانەکەی هێمای لە سیستەمێکی لۆژیکی و زانستیدا دۆزییەوە. هەرچەندە ئاسان نییە هزر لە هێمادا کورت بکەینەوە، بەڵام نکوڵی لە رۆڵ و کاریگەرییەکانی هێما ناکرێت بۆ زانین و ناسین و بیرهاتنەوەی شتەکان ئیدێکان. بەڵام هەر هزرێك کە هێمای نەبوو ئەوا پێویستە وەك هزر بیهێڵینەوە تا دەهێمایێنرێت یان بە ڕێگەی جیاواز لە هێما دەتوانین دەریببڕین.

**دەرەنجام**

•پێرس، لە سیستمە فەلسەفییە پراگماتییەکەیدا، هەوڵیداوە پەیوەندی نوێ لە نیوان هزر و جیهانی دەرەوەدا بە ڕێگەی هێماکانەوە بدۆزێتەوە. بە تایبەت کاتێك تیۆری هێمای گواستەوە بۆ لێتێگەیشتن و قۆناغێکی نوێ، ئەویش دابەشکاریی سێپاژیی بوو بۆ هێما، بەمەش کارکرد و تێگەیشتن و توێژینەوەی هێما فراوانتر بوو. تەنانەت بە تێڕوانینە تازە و جیاوازەکانی لەبارەی هێماوە، توانی گەشە بە لێهزرینە لۆژیکی و فەلسەفییە فیزیکی و مێتافیزیکییەکان بدات.

•لای پێرس، لۆژیك گرنگە بۆ دۆزینەوەی زانستێکی نوێ و دیاریکردنی هێماکان بۆ تێگەیشتن لێیان لەلایەن هەرکەسێکەوە، ئەمەش سێمیۆتیك دێنێتە ئاراوە کە دەشێ وەك سیستمێکی لۆژیکی دیارییبکرێت لە نێوان هزر و بابەت و هێمادا، کە ئەم پەیوەندییە سێپاژییە هێماییە جارێکی دیکە بۆ سێ تەوەری دیکە دابەش دەبێتەوە، لەم پەیوەندییە سیانەییەوە مرۆڤ دەتوانێت زانین و تێگەیشتنی ڕۆشنتری لەبارەی جیهان و فێنۆمێنەکانی هەبێت.

•لە هزری پێرسدا، سەرجەم چالاکی مرۆڤ بریتییە لە چالاکی هێمایی. هەروەها چالاکی زمانیش وەك چالاکی مرۆیی هەر هێماییە. ئەمەش لەو بڕوایەوە نزیکە کە پێیوایە زمان هێمایە و واتا دەردەبڕێت، وەك هێمای زمانی بۆ کەڕولاڵان، زمانی جەستەیی، ئاکت و نەریتی دینی و هێما کولتورییەکانی کۆمەڵگە، هەروەها کارکردی زمان وەك سیستمێکی لۆژیکی و هێمایی دادەنێت. کەواتە لەلای پێرسیش پەیوەندی بەهێز لە نێوان زمان و هێمادا هەیە، هەرچەندە تیۆرە هێماییەکەی پێرس کەمتر لە زمانەوانیدا بەگەڕخراوە وەك ئەوەی 'دی سۆسێر' بۆ نموونە کە ناوی نابوو 'سێمیۆلۆژی' و زمانەوانەکانیش زمان وەك سیستمێکی هێمایی دادەنێن. بەڵام فەلسەفە پراگماتییەکەی پێرس بە ڕێگەی هێماوە دەچێتە ناو کێشەی واتا و بەها و تیۆری واتا دادەڕێژێت.

•تیۆرە هێماییەکەی پێرس پڕ بایەخە، بیرۆکەی سەرنجڕاکێشی لەبارەی هێماوە لەخۆگرتووە. بەڵام ناشێت هەمووی بێ کێماسی بزانین، بە تایبەت کاتێك بە بڕوای ئەو ناتوانین لە دەرەوەی هێمادا بهزرێین. ئەمە دەشێ لە ڕووی تیۆرییەوە هێما وەك بێسنوور پێناسە بکات، بەڵام لەلایەنی پراگماتییەوە هێما دەگات بە سنوورە کارکردی و کاربردییەکانی خۆی. بێگومان پەیوەندی بەهێز لە نێوان هزر و هێمادا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین هزر لە هێمادا کورت بکەینەوە و یەکسانیان بکەین. هەرچەندە ئەو بڕوای وابوو ئەوەی لە ڕێگەی هێماوە نەتوانین دەریببڕین ئەوا ناتوانین لێیبهزرێین. لەبەرئەوە، سنورەکانی هزر یەکسان دەکات بە سنورەکانی هێما، هەر هەوڵێکیش بۆ دیاریکردنی سنورەکانی هزر و بیرکردنەوە بە سوودی پرۆسەی زانین تەواو نابێت.

•هێماکان بەشێکن لە هزری ئێمە و ژیانی ڕۆژانە و ژینگە جیاوازەکانمان. هەردوو جۆری هێما سروشتی و دەستکردەکان گرنگن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەعریفی زانستی و سیستماتیك لەسەر بنەمای لۆژیك و سێمیۆتیك و بۆ کردارەکانمان تا شتەکان بناسین و تێبگەین و بە ئاسانی ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ بکەین. هاوکات بۆ نەهێشتنی کێشەی تێنەگەیشتن بە هۆی جیاوازیی لە نێوان خەڵکی جیاواز لە زمان و ژینگەی کولتوری گرنگە تا ڕاڤە و زانینی هاوبەش لەبارەی شتەکانەوە دروستبکەن، وەك هێمای نێرومێ، کەمئەندامی، هێمای سەر ڕێگەکان، هێما زانستییەکان و هەروەها هێماکان لە شوێنە گشتیی و نێودەوڵەتییەکانی وەك بۆرسە و فرۆکەخانەکان، هەرچەندە تێگەیشتنی جیاواز لە هێما ڕێگرە لە دانانی سیستمێکی لۆژیکی و مەعریفی هاوبەش لە نێوان خەڵکدا، واتە هەرچەندە هێماکان هاوبەش بن بەڵام تێگەیشتنەکان جیاوازن.

•زۆر بەکارهێنانی هێما هەن، لە دروشم، ڕێکلام، فیلم و سینەما، کارتون و وێنەکێشان. بە بڕوای ئێمە فەیلەسوف و زمانەوانان دەتوانن لەسەر بنەمای هێما جۆرێکی نوێ لە زمان دروست بکەن کە لە هێما پێکهاتبێت و خەڵکانی کولتور جیاواز توانستی لانیکەمی هەمان تێگەیشتنیان لێی هەبێت لە بوارە پراکتیکییەکانی هێمادا. زمانێکی هێمایی کە خوێندەوار و نەخوێندەوار بتوانن بەکاریبێنن و ئەمەش وادەکات کێشەی واتا و جیاوازیی و ناکارایی زمانی ڕۆژانە لەکاتی وەرگێڕان و هەروەها نەخوێندەواری چارەسەر بکات، چونکە هەموو کەسێکی هۆشدروست توانای فێربوون و ناسینەوەی هێماکانی هەیە، بۆ نموونە لە فڕۆکەخانەکان، چونکە تێگەیشتن لە زمانی هێمایی خێراتر و ئاسانترە لە زمانی ئاخاوتن، کە خاوەن سیستەمێکی ئاڵۆزی ڕێزمانییە. هەروەها لەمڕۆدا، مرۆڤ بە هێماکان دەورەدراوە، وەك ناسینەوەی نەخۆشی بە ڕێگەی هێماکانەوە ئاسانترە وەك لە خوێندنەوە زانینی ئایدز AIDSلە زانینی تەواوی ناوەکە (Acquired Immune Deficiency Syndrome) یان زانینی هێما شێوەییەکەی (کارەکتەر) یان نیشانەی نەخۆشییەکە (ئیندێکس) یان ڤایرۆسی هەوکەری HIV. ئەمڕۆ هەموو کۆمپانیا، یانەی وەرزشی، ڕێکخراو، کەناڵی میدیایی، پارتی سیاسی، دەوڵەت و دامەزراوەیەك خاوەن هێمای خۆیەتی لە دروشم و لۆگۆ و ئاڵا و هێماکانی دیکە.

•بەگوێرەی تیۆری هێما، هێماکان یارمەتی زانست و فەلسەفە و زمان دەدەن کە تا رادەیەك لە فرە سەبژێکتی (Inter-Subjectivity) ڕزگاریان بێت بەوەی لەسەر هێمایەك بۆ شت و هزرۆکەیەك ڕێککەون. بەمەش هێما دەتوانێت فرەیی وێناکردن چارەسەر بکات بە هێمایەك کە هەمووان تێیبگەن و لەسەری کۆك بن. کەواتە هەمووان بە جیاوازییەوە دەتوانن لە سەر هێما کۆك بن. بەڵام هێشتا لەزمان و توێژینەوەی کوردیدا فەرهەنگی هێمازانی و وشەڕۆنانی هێمایی لە ئاستی پێویستدا نییە.

•ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە و جیهانی هێماکاندا دەژین، تەنانەت ڕەمز و هێماکان گەیشتوونەتە سەر جەستەمان لە شێوەی تاتۆ، وەك ئەوەی جیهان بووبێتە سەکۆیەکی هونەریی و زانستی کە تەنها بە ڕێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتن بێت. لەبەرئەوە سێمیۆتیك گرنگە و کۆمەکمان دەکات تا لە جیهانی دەرەوە رامێنین وەك شتێك کە بوونێکی ئۆبژێکتییانەی هەیە و لەگەڵ تێگەیشتن و راڤەی مرۆڤدا لە پەیوەندیدایە. هاوکات سێمیۆتیك لە پەیوەندیشدا کۆمەکمان دەکات وەك لە ئینتەرفەیسی کۆمپیوتەردا، کاتێك بە ڕێگەی هێما و ئایکۆنەکانەوە رووە ناوەڕۆك و پرۆگرامە کارکردییە جیاوازەکان دەچی، یان بابەتەکان بە ئایکۆن دەکەین تا زانین و تێگەیشتنی جیاوازیان پێبدەین.

•جیهانی ئەمڕۆ بە سەردەمی قەیراندا گوزەر دەکات، تەنانەت ململانێکانیش بە ڕێگەی قەیرانەوە یەکلا دەکرێنەوە، هەروەها سەرباری قەیرانە دەستکردەکان، قەیرانی خۆکرد و سروشتیش هەن، لێرەو دەتوانین قەیرانەکان بە ڕێگەی هێما و ئاماژەکانەوە، وەك هەر نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونی، بناسینەوە، ناسینی قەیرانیش وەك دەستنیشانکردنی هەر نەخۆشییەك گرنگترین هەنگاوە بەرەو ڕزگاریی و چارەسەر لە قەیرانەکە و هەروەها پاراستنی سیستەمەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**


.١ ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥): فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ١، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

.٢ شارەزووری، د. یادگار لەتیف (٢٠١٥): دیاردەگەرایی و رەخنەی ئەدەبی (بنچینە مەعریفییەکانی میتۆدە رەخنەییەکان– بنەچەی سەوسەن وەك بواری کار) چ١، چاپخانەی هێڤی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر .

.٣ ماگی، برایان (٢٠١٠): مێژووی فەلسەفە، و. عوسمان حەمە رەشید گورون، مەکتەبی بیروهۆشیاری ینك، سلێمانی.

.٤ محمد پوور، د.ئەحمەد (٢٠١٣): فەلسەفەی میتۆد لە زانستە مرۆییەکاندا – خوێندنەوەیەك بۆ کێشە پارادیمییەکانی سەردەم، و. سەعید کاکی، خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.


**دووەم: بە زمانی ئینگلیزی**


.٥ Audi, Robert. (1999). the Cambridge Dictionary of Philosophy. (Second Edition). Cambridge University Press.

.٦ Buchler, Justus. (1939). Charles Peirces Empiricism, London.

.٧ Concise Routledge Encyclopedia of Philosophy. (2000). Routledge. London.

.٨ Deledalle, Gerard. (2000). Charles S. Peirces Philosophy of Signs. Indiana University Press. USA.

.٩ Dewey, John. (1923). Essay on the Pragmatism of Peirce. See the end part of this Article: Peirce, Charles S. Chance, Love and Logic. London.

.١٠ Dewey, John. (1946). Peirces Theory of Linguistic Signs, Thought and Meaning. The Journal of Philosophy, Vol. 43, No. 4 (Feb. 14, 1946).

.١١ Habermas, Jurgen. (2007). Knowledge & Human Interests. Translated by Jeremy J. Shapiro. Polity Press. Cambridge.

.١٢ Feibleman, James. (1946). An Introduction to Peirces Philosophy (interpreted as a system). Harber & Brothers Publishers. London.

.١٣ Gallie W. B. (1952). Peirce and Pragmatism. Pelican Book. Penguin Books. UK. Edinburgh.

.١٤ Hébert, Louis (with the collaboration of Nicole Everaert-Desmedt). (2011). Tools for Text and Image Analysis (An Introduction to Applied Semiotics). Translated from the French by Julie Tabler.

.١٥ Hébert, Louis. (Online Version). Elements of Semiotics. http://www.signosemio.com/elements-of-semiotics.asp {Accessed 2/7/2015.{

.١٦ Hookway, Christopher. (1985). Peirce. Routledge & Kegan Paul. London.

.١٧ Lechte, John. (1996). Fifty Key Contemporary Thinkers (from Structuralism to Postmodernity). Routledge. London.

.١٨ Martin, Bronwen & Felizitas Ringham (2000). Dictionary of semiotics. Cassell, London & Newyork.

.١٩ Oxford advanced learners dictionary of current English. (2010). 8th edition, Oxford University Press. UK.

.٢٠ Panesa, Ronaldo T. (1996). Science and Religion in Charles S. Peirce. Pamplona.

.٢١ Paul Cobley & Litza Jansz. (1997). Semiotics for Beginners. Icon Books. Cambridge.

.٢٢ Peirce, C. S. (1932). The Collected Papers of Charles Sanders Peirce: Elements of Logic. ed. C.Hartshorne & P. Weiss (Vol. 2). Cambridge: Harvard University Press.

.٢٣ Peirce, Charles S. (1931). Collect Papers (Vol. 1). Charles Hartshorne & Paul Weiss. Harvard University Press. Cambridge.

.٢٤ Peirce, Charles S. Collect Papers (Vol. 5).

.٢٥ Peirce, Charles S. Collect Papers Vol. 8. And See Partial Draft of A Letter to Lady Welby.

.٢٦ Popper, Karl. (1972). Objective Knowledge (An Evolutionary Approach).

.٢٧ Russell, Bertrand (1959). Wisdom of the West.

.٢٨ Sebeok, Thomas A. (2001). Signs: An Introduction to Semiotics. (2nd Ed.). University of Toronto Press.

.٢٩ Short, T. L. (2007). Peirces Theory of Signs. Cambridge University Press. New York .

.٣٠ Solomon, Robert C. & Kathleen M. Higgins. (1996). A Short History of Philosophy. Oxford University Press. New York – Oxford.

.٣١ Thayer, H. S. (Edited). (1982). Pragmatism (the Classic Writings). Hacket Publishing Company. Cambridge.

.٣٢ Urmson, J.O & Jonathan Ree (1991). The Concise Encyclopaedia of Western Philosophy & Philosophers. Unwin Hyman Ltd. London.

**سێهەم: بە زمانی عەرەبی**


٣٣. ابراهيم، د.زكريا (بدون سنة الطبع): دراسات في الفلسفة المعاصرة، مكتبة مصر.

٣٤. أورو، سيلفان و جاك ديشان و جمال كولوغلي (٢٠١٢): فلسفة اللغة، ترجمة و تقديم بسام بركة، مراجعة ميشال زكريا، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

٣٥. جاسم، د. منتهي عبد (٢٠١٣): معيار العلم والاخلاق في الفلسفة البراغماتية، ط١، دار التنوير، لبنان.

٣٦. الحفني، د. عبدالمنعم (بدون سنة الطبع): الموسوعة الفلسفية، ط١، دار ابن زيدون، بيروت.

٣٧. ديلودال، جيرار (٢٠٠٩): الفلسفة الاميركية، ترجمة د. جورج كتورة و د. الهام الشعراني، ط١، المنظمة العربية للترجمة، لبنان-بيروت.

٣٨. صليبا، د.جميل (١٣٨٥ش): المعجم الفلسفي، ج١، ط١، منشورات ذوي القربي، ايران.

٣٩. علي، د. سعيد اسماعيل (١٩٩٥): فلسفات تربوية معاصرة، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.

٤٠. كامل، فؤاد (١٩٩٣): أعلام الفكر الفلسفي المعاصر، ط١، دار الجيل، بيروت.

٤١. كرم، يوسف (بدون سنة الطبع): تأريخ الفلسفة الحديثة، دار القلم، بيروت – لبنان.

٤٢. م. روزنتال و ب. يودين (الإشراف) (٢٠٠٦): الموسوعة الفلسفية (وضع لجنة من العلماء والأكاديميين السوفياتيين)، ت. سمير كرم، ط٢، دار الطليعة، بيروت.

٤٣. المرهج، د.علي عبدالهادي (٢٠٠٨): الفلسفة البراجماتية (اصولها و مبادئها-مع دراسة تحليلية في فلسفة و مؤسسها تشارلس ساندرس بيرس، دار الكتب العلمية، بيروت.


چوارەم: بە زمانی فارسی


٤٤. پال کابلی، لیتزا یانتس (١٣٩١ش): نشانەشناسی، ت. محمد نبوی، انتشارات پردیس دانش، چ١، تهران.


**پێنجەم: ئینتەرنێت**


٤٥. Hookway, Christopher (2013). Pragmatism: http://plato.stanford.edu/entries/pragmatism/(Accessed: 10/12/2014, 22.30)

**الخلاصة :**

يمكن القول بأننا نعيش في عالمنا الحاضر وفقا للسيمياء بحيث اصبحت الاشارات جزءا لايتجزء من حياتنا بتفاصيلها الدقيقة وكأن العالم اصبح منبرا للفنون والعلوم لايمكن التعبير عنها سوي بالاشارات فضلا عن العلاقات كما هو الحال في التطبيقات التقنية الموجهة عندما تحولنا عن طريق الاشارات الي عالم اخر من المفاهيم والمعارف المتنوعة، و وفقا للنظرية السيميائية فان الاشارة تعطي علامة مساعدة للعلم والفلسفة واللغة الي حد تخلصهم من تعددية المواضيع والتوافق علي احادية الموضوع وبذلك فالسيمياء تختصر الصور المتناثرة في اشارة ليتمكن الجميع من فهمها علي الرغم من اختلافهم الفكري والايدولوجي .

يعد تشارلس ساندرس بيرس ١٨٣٩-١٩١٤، مؤسس الفلسفة البراغماتية ورائدها كما انه من اوائل الباحثين في مجال النظرية الفلسفية المسماة بـ (نظرية السيمياء) وهي مرتبطة ارتباطا وثيقا بنظرية المعني في الفلسفة البراغماتية ، وفي الوقت نفسه يمكن القول بان بيرس من مؤسسي نظرية الابعاد الثلاثية للاشارات وقد حاول تصنيف مقولات فلسفته علي اسس ومبادئ السيمياءات بحيث ان مجمل افكار عنده قد وضعت بناءا علي السيمياءات، وعلي هذا الاساس فان فكرنا هو نتاج السيمياء وعن طريقها تتكون المعارف وتجدر الاشارة الي ان السيميائية ليست مفهوما سطحيا من وسط وعمق التراث والحياة اليومية وغير قابلة للفهم وانما هي نظرية عند بيرس وفقا لنظام جدلي مع الفلسفة والمنطق والعلم في دوامة وعلاقة تواصلية .

ان دراستنا الموسومة بـ (نظرية السيمياء عند تشارلس بيرس) لاتمثل التفاتة الي تصنيف انواع الاشارات وافعالها فحسب وانما اراد الباحث ومن وجهة نظر بيرسية تحليل السيمياءات وبيان العلاقات والعوائق فيما بينها وكذلك طرح دور السيمياء وطبقا لذلك توضيح كيفية تحول الافكار الافلاطونية المثالية والافكار الاداتية في الفلسفة البراغماتية لتصبح فيما بعد فكرة الاشارة عند تشارلس بيرس .

يوضح البحث بان السيميائية لايمكن معرفتها فقط كفعل ونشاط معين في عصر محدد وعند فيلسوف معين ، في حين ان الاشارة والمقولات في نظام بيرس تتميز بكثرة الابعاد اي بمعني اعطاء وصف وبيان لمستوي العلاقة والتحليل السيميائي وبذلك اردنا ايضاح الابعاد المتعددة للاشارة وخلاصها من احادية البعد والتحليل الغير الكامل وبذلك يتجه الوعي المدرك نحو العلاقات السيميائية وتحليلها وفقا لتعددية السيميائية .

كذلك نؤكد في ختام دراستنا علي اهمية السيمياء ودورها العلمي ، كما بينا ان الحركة العلمية قائمة علي السيمياء ودورها ونشاطها في التراث الانساني حيث نجد ان المفاهيم السيميائية البيرسية قد اهتمت بشكل كبير في بيان مساواة الفكر مع الاشارة وفهم الاشياء علي اساس السيمياء وهنا لابد من التأكيد انه ليس من السهل اختصار الافكار بالاشارات ولكن في الوقت نفسه لابد من بيان دور وتأثير السيمياء في المعرفة والادراك والتفسير والفهم وهذه بمجملها تعتبر كينونة الانسان في عالمه الواعي والتواصلي ، وهنا نشير الي انه والي يومنا هذا لم تصبح السيمياء موضوعا في اللغة والبحث والتراث الكوردي ولم تصل الي المستوي المطلوب في اعطاءها الاهمية المناسبة ولابد من التفاتة جادة نحو دراستها والتعمق فيها .

**Abstract**

It can be said that we live in today's world in accordance with the Semiotics. Because the Signs have became the inalienable part of our lives in details. Also, the world has become a platform of Arts and Sciences which can not be expressed whithout signs, as well as in relations and in directed technical applications. When, this world turned us from signs to another world of diverse concepts and knowledge. According to the theory of semiotics, the sign gives help to Science, Philosophy and Language to some extent get rid them from plurality of threads and compatibility on unilateral subject. And so, semiotics abbreviates scattered images in signs in order to that everybody can understand them although they are difference intellectually and ideologically.

Charles Sanders Peirce (1839-1914), who is the founder and pioneer of pragmatism, is one of the first researchers in the field of philosophical theory of signs. In Pragmatism, Semiotics linked with theory of meaning very closely. At the same time it can be said that Peirce, one of the founders of the tri-dimensional (Triadic) theory of signs. He tried to classify his philosophical categories on the principles of semiotics. So that the totality of thought and ideas have been developed based on signs. On this basis, the thought is the product of semiotics and knowledge consists through the signs. It should be noted that semiotics is not a superficial concept in the depth of culture and every day life and it, to Peirce, is a theory according to the system with philosophy, logic and science in the whirlpool and communicative relationship.

Our research, which titled in (Theory of Signs in Charles Peirce), does not toward to the classification of signs types and their functions only, but researcher wanted to analyse the theory from the standpoint of Peirce's Semiotics and declaration the statement of relations and barriers among themselves and show up the role of signs. Accordingly, this is to clarify that how turning Platonic Ideas and Instrumental Ideas in Pragmatism to become, later, Sign Idea in Peircian account.

Also, this study shows that semiotics can not be known only as a specific act in a specific age and in one philosopher's articles, while the signs and categories in Peirce's logical system characterized by multy-dimensional, in other words to give the description of the level of the relationship and semiotic analysis. And so, we wanted to clarify the multiple dimensions of signs and solve it from one-dimensional and imperfect analysis. Thereby the perceived consciousness is moving towards semiotics relations and analyzed according to the multiple of semiotics.

Finally, we confirm the importance of study of semiotics and its scientific functions. Also the study shows that the scientific movement based on semiotics. And semiotics is rolling in the human culture and

understanding. Where we find that Peirce’s concepts of semiotics has widely focused on equality between thought and sign understand things on the basis of their signs. Here, it must be stressed that it is not easy to shortcut all thought in signs, but at the same time we have to see notable roles and impact of signs in knowledge. Whole that perception, interpretation and understanding considered as being of human in his conscious and communicative world. In our day, semiotics is no a theme in Kurdish language, academic researches and our culture. And it did not reach to the required level to give importance of signs so we should be understood it deeply as important subject and make a serious study in this field.